مەکتەبی سیاسیی پارتی هەواڵی کۆچی دوایی هەقاڵ محەمەد مەلا قادر رادەگەیەنێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5673) چوارشەممە 16ی کانوونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشیی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر راگەیاند

سەرۆک بارزانی: مامۆستا محەمەد کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر بوو و لەدەستدانیشی خەسارەتێکی گەورەیە



سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر، پێشمەرگەی دێرین و سیاسەتوان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی ڕاگەیاند، لە بەشێکی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی، هاتووە: مامۆستا محەمەد پێشمەرگەیەکی دێرین و کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر بوو کە ڕۆڵی لە خەباتی سیاسی و کاری حزبایەتیی گەلەکەمان و بە تایبەت لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارە و لە کار و ئەرکەکانیدا هەمیشە نموونەی دەستپاکی و ڕاستگۆیی و نیشتیمانپەروەری بوو.

دەقی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی لە لاپەڕە سێ بخوێنەوە



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد



هەقاڵ محەمەد مەلا قادر تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و نموونەی پارتییەکی بە وەفا و شۆڕشگێڕ بوو

دوێنێ سێشەممە 2019/1/15 مامۆستا محەمەد مەلا قادر پێشمەرگە و خەباتگێڕ و سیاسەتوانی کوردستان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بلاوکردەوە و ڕایگەیاند: هەقاڵ محەمەد مەلا قادر لە تەمەنی لاوێیەوە ئاوێتەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بووە، هەقاڵێکی کۆڵنەدەر و ماندوونەناسی پارتیمان بوو، لە ساڵی 1964 بووەتە ئەندامی لیژنەی تەفتیش و موراقەبەی پارتی، لە ساڵی 1966 یەکێک بووە لە ئەندامانی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی پارتیمان، ئەو هەمیشە تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی بوو، نموونەی پارتییەکی بەوەفا و شۆڕشگێڕ بووە. **دەقی پەیامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لاپەڕە سێ بخوێنەوە:**

هەواڵی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تێکۆشەری کوردایەتی مامۆستا محەمەد مەلا قادر لەلاپەڕە چوار بخوێنەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کرد

سەرۆک بارزانی: فەڕەنسا دۆستێکی مەزنی گەلی کوردستانە

ژان ئیڤ لودریان: فەڕەنسا وەک پشتیوانی گەلی کوردستان دەمێنێتەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/1/15 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ژان ئیڤ لودریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا خۆشحاڵیی خۆی بۆ دیداری لەگەڵ سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند و وێڕای ئاماژەدان بە کەشوهەوای نوێ لە عێراق و ناوچەکە، پێزانینی بۆ قوربانیدانی گەلی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش هەبوو و جەختیشی لەوە کردەوە کە لەپێناو بەدیهاتنی سەقامگیری و دەرنەکەوتنەوەی تیرۆر لە عێراق پێویستە ڕێز لە پێکهاتەکانی دەوڵەتی عێراق و بە تایبەت ڕێز لە هەرێمی کوردستان و پێگەو کاریگەرییەکەی بگیرێت.

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ڕاشیگەیاند کە وڵاتەکەی وەک پشتیوانی گەلی کوردستان لە دەمێنێتەوە و هاوکاریی سیاسی و سەربازی و پەیوەندییە فەرهەنگی و ئابووریەکانی لەگەڵ کوردستان پەرە پێدەدات و خوازیاری ئەوەیە کە لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەشدار بێت.لە بەرانبەردا سەرۆک بارزانی بە گەرمی بەخێرهاتنی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای کرد و سوپاسی گەل و سەرۆک و حکوومەتی فەڕەنسا و شەخسی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای کرد کە دۆست و پشتیوانی گەلی کوردستان بوونە و ئاماژەیشی بە سەردانی سەرۆک هۆلاند بۆ کوردستان کرد کە لە کاتی تەنگانەدا سەردانی کوردستانی کرد و ئەوەی دووپاتکردەوە کە فەڕەنسا دۆستێکی مەزنی گەلی کوردستانە. لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند کە خۆشحاڵە بەو پەیوەندییانە و هیچ سنوورێک بۆ دۆستایەتی و پەیوەندیی لەنێوان گەلی کوردستان و گەلی فەڕەنسادا نییە.

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا تەوەرێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو و هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە کەشوهەوایەکی نوێ و متمانە و بارودۆخێکی ئەرێنی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هاتووەتە ئاراوە و سەرۆک بارزانی هیوای ئەوەی خواست کە ئەو گرفتانەی کە لەنێوان هەردوولا ماون لەڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەییشتن چارەسەر بکرێت. هەروەها ئاماژەیشی بەوەدا کە ڕاستە داعش لەڕووی سەربازی تێکشکاوە، بەڵام پێویستە ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش نەمێنن بۆ ئەوەی جارێکی تر داعش سەرهەڵنەداتەوە.

لەبارەی چارەنووسی گەلی کورد لە سووریا هەردوولا نیگەرانییەکانی خۆیان نیشاندا و ئەوەیان دووپات کردەوە کە پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناو سووریا نابێ ببێتە هۆی ئەوەی گەلی کورد و هاوپەیمانێتییانی کورد لە سووریا باجەکەی بدەن. پەیوەست بە بارودۆخی گەلی کورد لە سووریا و چارەسەرکردنی گرفتەکان سەرۆک بارزانی بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی بۆ وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا خستەڕوو.

سلێمانی بۆ لە دوای شارەکانی دیکەی هەرێمەوەیە؟

سەلام عەبدوڵلا

ئەمە پرسیارێکە ڕۆژنامەکانی سلێمانی کە زۆربەیان بۆ دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان تەرخانکراون و هەمیشە دەیوروژێنن و ئەو دواکەوتنە بە هەموو شێوەیەک دەخەنە ئەستۆی حکومەت کە گوایە ئەو بەرپرسیارە.

ئەمە بە ڕوویەکدا ئەم پرسیارە ڕاستە چونکە ئەوە ئەرکی حکومەتە بەڵام بە دیوەکەی تریدا ناڕاستە و چەواشەکارییە چونکە ئەوە یەکلایەنە مەسەلەکە دەخاتەڕوو و باسی ئەوە ناکات کە کێ بەرپرسیاری سەرەکیە لەو دۆخە.

کاتێک شارێک هەموو داهاتەکانی لە حکومەت قەدەغە دەکات و ناینێرێت بۆ حکومەت ئیدی حکومەت چی بکات.

حکومەت بەشێک لەو داهاتانەی لە شارەکانەوە دەستی دەکەوێت، میزانیەی شارەکان و پارە بۆ پرۆژەکان دیاری دەکات.

داتاکانی وەزارەتی دارایی ئەوە دەردەخات، هەر بۆ نموونە لە داهاتی ناوەخۆی پارێزگای سلێمانی هیچ مەبلەغێک ڕادەستی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم نەکراوە ئیدی حکومەت چی بکات.

ئایا دەکرێ شاری سلێمانی لەسەر داهاتی پارێزگاکانی تری هەرێم بودجەی بۆ دابین بکرێت؟

ئەم ڕۆژنامانە گەر پەرۆشی شاری سلێمانین دەبوو تیری ڕەخنەیان بگرنە دەسەڵاتدارانی سلێمانی کە بۆ ئەو هەموو داهاتە زۆرەی کە لە خاڵە سنووریەکانەوە چنگیان دەکەوێت بۆ شارەکەی سەرف ناکەن و کەس نازانێ چی لێدەکەن نەک پلار بگرنە حکومەت گوایە ئەو کەمتەرخەمە و تەنها گرنگی بە شاری هەولێر و دهۆک دەدات. دەبوو ئەو پرسیارە لەوان بکەن نەک حکومەت، چونکە هۆکاری ئەوەی پرۆژەکانی هەولێر و دهۆک بەڕێک و پێکی دەڕوات و لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو دەکرێ بۆ ئەوەیە کە ئەم دوو شارە داهاتەکانیان بە بەردەوامی دەدەنە حکومەت و ئەویش بەپێی بەرنامەیەکی حساب بۆ کراو بە پێی پرۆژەکانیان پارەی پێویستیان بۆ دیاری دەکات.

جا ئەگەر ئەو ڕۆژنامانە جورئەت دەکەن با ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی ئەو دەڤەرە بگرن و بپرسن داهاتی ئەو سەدان تەنکەرە نەوتانەی ڕوو لەمەرزەکان دەکەن دەچێتە گیرفانی کێوە، خۆ زۆر دەوترێ کە لەوێ ئازادی ڕەهایە یان ئازادی تەنیا بۆ ڕەخنە لە پارتی هەیە، چونکە ناکرێ ئەو ڕاستیەی کە بە چاوی خۆیان ڕۆژانە دەیبینن ئاوا چەواشەکاریی پێوە بکەن یان ئەوەتا ناوێرن و نە ئازادن و نە ڕاستگۆن.

لە ڕاستیدا ئەم فریودانە تەنها زەردەمەند لێی دانیشوانی شاری سلێمانی خۆشەویستە ئەو شارەی کە مەکۆی ڕاپەرین و بەرخودن و تێکۆشانە.

ئیتر با بەس بێ –فارس گوتەنی– عەوام فەریبی..

مەسرور بارزانی و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کۆبوونەوە
مەسرور بارزانی: بە ڕەچاوکردنی دەستووری عێراق هەوڵ بۆ نەهێشتنی کێشەکان دەدرێت 2

نێچیرڤان بارزانی و جەواد زەریف دۆخی ناوچەکەیان تاوتوێکرد
پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لەگەڵ ئێران و هەڕەشەی تیرۆر تاوتوێکران 2

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد

سەرۆک بارزانی لەبارەی ئایندەی کورد لە سووریا نیگەرانییەکانی خۆی بە وەزیری دەرەوەی ئێران راگەیاند

محەمەد جەواد زەریف: پێگە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران جێگەی بایەخ و گرنگییە



دوێنێ سێشەممە /2019/1 15 لە شاری هەولێر سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە و پرۆسەی سیاسیی عێراق تاوتوێکران و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سوپاسی هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی لە ڕاستەڕێکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق کرد و ئەوەیشی ڕاگەیاند کە پێگە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتەکەی جێگەی بایەخ و گرنگییە.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی بە شاندی میوانی ڕاگەیاند کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەرفەت و کەشوهەوایەکی نوێ هاتووەتە ئاراوە و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تازەی عێراق هەموو هەوڵێک دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێم و بەغدادا ماون.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆشنایی خرایە سەر بارودۆخی سووریا و سەرۆک بارزانی بۆچوون و نیگەرانییەکانی خۆی لەمەڕ ئایندەی گەلی کورد لە سووریا بە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیاند.

پێکهێنانی حکوومەتی تازەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە تاوتوێکران و دووپات لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی تەوەرێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو و هەر دوولا جەختیان لە دۆستایەتی و پەیوەندیی دوولایەنە کردەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە

پارتی و گۆڕان: دەبێ پەلە بکرێت و چیدی پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت دوانەخرێت

بڕیاری دروستکردنی دوو لیژنە بۆ پێکهێنانی حکوومەت و یەکخستنی ڕوانگەی هەردوولا درا

دوێنێ سێشەممە 2019/1/15 شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش، پارتی و گۆڕان ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: هەردوولا، کۆکبوون لەسەر بوونی بەرنامەی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکان و بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاردراوە هەردوولا دوو لیژنە دروستبکەن بۆ یەکخستنی ڕوانگەی بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر کارنامەی حکوومەت و لیژنەیەک بۆ دانانی پێوەرەکانی چۆنیەتی بەشداریکردن لە حکوومەت.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

بەلاغی کۆبونەوەی شاندی بالای پارتی دیموکراتی کوردستان و وەفدی دانوستانکاری بزوتنەوەی گۆڕان

لە دریژەی بەڕێوەچوونی هەوڵی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خێراترکردنی گفتوگۆکان لەسەر بەرنامەی کابینەی نۆیەم و پێکهاتەکەی، ڕۆژی 2019/1/15 شاندێکی بالای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی، لەگەڵ وەفدی دانوستانکاری بزوتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوەکە لە کەشێکی بەرپرسیارانە و بە گیانی کاری هاوبەش و پێکەوەیی لە پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای تێگەیشتنی تەواو و وەک، هەردوولا لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری چاکسازی بنەڕەتی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی، بەڕێوەچوو.

هەردوولا، کۆکبوون لەسەر بوونی بەرنامەی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکان و بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاردراوە هەردوولا دوو لیژنە دروست بکەن، بۆ یەکخستنی ڕوانگەی بزوتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر کارنامەی حکومەت و لیژنەیەک بۆ دانانی پێوەرەکانی چۆنیەتی بەشداریکردن لە حکومەت.

هەردوولا جەختیان کردەوە لەوەی، دەبێت پەلە بکرێت و چیدی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و ڕێزگرتن لە ئیرادەی دەنگدەران دوا نەخرێت.

بزوتنەوەی گۆڕان
پارتی دیموکراتی کوردستان

نێچیرڤان بارزانی و جەواد زەریف دۆخی ناوچەکەیان تاوتوێکرد

پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لەگەڵ ئێران و هەڕەشەی تیرۆر تاوتوێکران



سەرلەبەیانیی دوێنێ 2019/1/15 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و گرنگیی بەردەوامیی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتنی یەکجاریی تیرۆر لە ناوچەکە تاوتوێکرا و هەردوولا هاوڕا بوون کە هێشتا مەترسیی تیرۆر لە ئاراوایە و بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە دەبێ هەموو لایەک هاوکار هەماهەنگ بن. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دووبارە سوپاسی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کرد بۆ ئەو هاوکارییانەی لە شەڕی داعشدا پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی کردووە و جەختی لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی وڵاتانی ناوچەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و نەهێشتنی کردەوە.


لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز زەریف خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆی و وڵاتەکەی بۆ بەردەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر-بەغدا نیشاندا و هیوای خواست هەموو کێشە و گرفتەکان لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن.

چۆنیەتیی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە بواری بازرگانی، کولتووری، کشتوکاڵی، زانستی و بوارەکانی دیکەدا و هەڵسەنگاندنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

مەسرور بارزانی و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی: بە ڕەچاوکردنی دەستووری عێراق هەوڵ بۆ نەهێشتنی کێشەکان دەدرێت

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نۆیەم



دوێنێ سێشەممە 2019/1/15 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ژان ئیڤ لۆدریان، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە تاوتوێکران و دووپات لە پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانە و مێژوویی نێوان هەردوو گەلی فەڕەنسا و کوردستان لە بواری جیاجیاکان کرایەوە.

لە سەرەتای دیدارەکەدا مەسرور بارزانی سوپاسی گەل و حکوومەتی فەڕەنسا و هەوڵەکانی سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆنی کرد لە پشتیوانی و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان، بەوەی فەڕەنسا لە گشت قۆناغەکاندا هاوکار و پشتیوانێکی گەورەی خەباتی گەلی کوردستان بووە.

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پەیوەست بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق تیشکی خستە سەر پێشڤەچوونەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ئاماژەی بەوەدا کە بە ڕەچاوکردنی دەستووری عێراق هەوڵ بۆ نەهێشتنی کێشەکان دەدرێت.

هەر لەو دیدارەدا لەبارەی ئەگەر و هەلومەرجەکانی بارودۆخی سووریا جەخت لە گرنگی هێورکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەری سیاسییانەی کێشەکانی ئەو وڵاتە بە شێوەیەک کرایەوە، کە ویست و مافی هەموو پێکهاتەکان لەخۆبگرێت.

لە لای خۆیەوە ژان ئیف لۆدریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و تیشکی خستە سەر شێوازی فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و ڕایگەیاند، پەیوەندی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان مێژوویی و گرنگن . هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بە قۆناغی نوێی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا نیشاندا، دووپاتیکردەوە، کە وڵاتەکەی لە پشتیوانی و هاوکاری هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام دەبێت.

ناسر یوسف: لەبارەی بودجەی پێشمەرگەوە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن کاردانەوەیان ئەرێنییە

بەشەبودجەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە بودجەی بەرگریی عێراق دیاری دەکرێت، ماوەتەوە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەندی ئەو پرۆژە بڕیارە بکات، ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنەکەیش دەڵێ، دڵنیان پرۆژەکە تێدەپەڕێت.

لێکنزیکبوونەوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند تا دێت زیاتر دەبێت، لە ئێستایشدا بە هەوڵی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و کۆبوونەوەیان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق، بڕیار دراوە 68 ملیار دینار لەسەر بودجەی وەزارەتەکە بۆ مووچەی پێشمەرگە دابینبکرێت.

ناسر یوسف هەرکی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە، هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامن و توانیویانە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێک و ئەو بڕەپارەیە بۆ مووچەی پێشمەرگە دیاری بکرێت، کە تەنیا ئەوە ماوە ئەو پڕۆژەبڕیارە بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و لەوێ پەسەند بکرێت، ئەو ڕوونیشی دەکاتەوە، کە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا بەو شێوەیە گفتوگۆیان لەگەڵ کردوون، کە هەمووان نوێنەری گەلی عێراقن و پێویستە کێشە سیاسییەکانی حکوومەتی ناوەند و هەرێم نەبنە هۆی بڕینی بڕێوی بارزانی سوپاسی گەل و حکوومەتی فەڕەنسا و هەوڵەکانی سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆنی کرد لە پشتیوانی و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان، بەوەی فەڕەنسا لە گشت قۆناغەکاندا هاوکار و پشتیوانێکی گەورەی خەباتی گەلی کوردستان بووە.

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پەیوەست بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق تیشکی خستە سەر پێشڤەچوونەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و ئاماژەی بەوەدا کە بە ڕەچاوکردنی دەستووری عێراق هەوڵ بۆ نەهێشتنی کێشەکان دەدرێت.

هەر لەو دیدارەدا لەبارەی ئەگەر و هەلومەرجەکانی بارودۆخی سووریا جەخت لە گرنگی هێورکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەری سیاسییانەی کێشەکانی ئەو وڵاتە بە شێوەیەک کرایەوە، کە ویست و مافی هەموو پێکهاتەکان لەخۆبگرێت.

لە لای خۆیەوە ژان ئیف لۆدریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و تیشکی خستە سەر شێوازی فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و ڕایگەیاند، پەیوەندی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان مێژوویی و گرنگن . هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بە قۆناغی نوێی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا نیشاندا، دووپاتیکردەوە، کە وڵاتەکەی لە پشتیوانی و هاوکاری هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام دەبێت.

مووچەی پێشمەرگە دیاری بکرێت، کە تەنیا ئەوە ماوە ئەو پڕۆژەبڕیارە بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران و لەوێ پەسەند بکرێت، ئەو ڕوونیشی دەکاتەوە، کە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا بەو شێوەیە گفتوگۆیان لەگەڵ کردوون، کە هەمووان نوێنەری گەلی عێراقن و پێویستە کێشە سیاسییەکانی حکوومەتی ناوەند و هەرێم نەبنە هۆی بڕینی بڕێوی و مافی چینە جیاوازەکانی عێراق، بەڵکوو هەولێر و بەغدا لە ڕێی کەناڵەکانی دیکەی خۆیانەوە کێشەکانیان بە پێی دەستوور و یاسا چارە بکەن.

سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕێککەوتنیان لەسەر پەسەندکردنی پڕۆژەبڕیاری دابینکردنی 68 ملیار دینار بۆ مووچەی پێشمەرگە لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئالییەتی ڕێککەوتنیان لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی ئەنجوومەنەکە، ناسر تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەوان وەک بەردەوامیش دەبن لەگەڵ ئەندامان و فراکسیۆنەکانی ئەنجوومەن، ئەویش لە پێناو پەسەندکردنی ئەو پڕۆژەبڕیارە، کە لە داهاتوودا بخرێتە کارنامەی دانیشتنیان.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/16 ژمارە (5673)

مەکتەبی سیاسیی پارتی هەواڵی کۆچی دوایی هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر رادەگەیەنێت

سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشیی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر راگەیاند

سەرۆک بارزانی: مامۆستا محەمەد کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر بوو و لەدەستدانیشی خەسارەتێکی گەورەیە



سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر، پێشمەرگەی دێرین و سیاسەتوان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی راگەیاند، لە بەشێکی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی، هاتووە: مامۆستا محەمەد پێشمەرگەیەکی دێرین و کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر بوو کە ڕۆڵی لە خەباتی سیاسی و کاری حزبایەتیی گەلەکەمان و بە تایبەت لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارە و لە کار و ئەرکەکانیدا هەمیشە نموونەی دەستپاکی و ڕاستگۆیی و نیشتیمانپەروەری بوو. ئەمەش دەقی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و خەباتگێڕی گەلەکەمان مامۆستا محەمەد مەلا قادرمان بیست.مامۆستا محەمەد پێشمەرگەیەکی دێرین و کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر بوو کە ڕۆڵی لە خەباتی سیاسی و کاری حزبایەتیی گەلەکەمان و بە تایبەت لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارە و لە کار و ئەرکەکانیدا هەمیشە نموونەی دەستپاکی و ڕاستگۆیی و نیشتیمانپەروەری بوو.


لەدەستدانی مامۆستا مەلا محەمەد خەسارەتێکی گەورەیە و بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خۆم و خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و جەماوەری پارتی و خەڵکی کوردستان دەکەم.

لەخودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەد بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەکمان ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

2019/1/15



دوێنێ سێشەممە 2019/1/15 مامۆستا محەمەد مەلا قادر پێشمەرگە و خەباتگێڕ و سیاسەتوانی کوردستان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر لە تەمەنی لاوێیەوە ئاوێتەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بووە، هەڤاڵێکی کۆڵنەدەر و ماندوونەناسی پارتیمان بوو، لە ساڵی 1964 بووەتە ئەندامی لیژنەی تەفتیش و موراقەبەی پارتی، لە ساڵی 1966 یەکێک بووە لە ئەندامانی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی پارتیمان، ئەو هەمیشە تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی بوو، نموونەی پارتییەکی بەوەفا و شۆڕشگێڕ بووە. ئەمەش دەقی پەیامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بسم الله الرحمن الرحیم

من المؤمنین رجال صدقوا ما عاهدوا الله علیه فمنهم من قضی نحبه ومنهم من ینتظر وما بدلوا تبدیلا

صدق الله العظم

هاوڕێتیبانی بەڕێز

کادیر و ئەندامان وجەماوەری دڵسۆزی پارتیمان..

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتیمان مامۆستا (محەمەد مەلا قادر)ڕادەگەیەنین.

هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) لە ساڵی 1934 لە هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی 1958 پەیوەندی بەریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و هەر لە تەمەنی لاوێیەوە ئاوێتەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بووە، هەڤاڵێکی کۆڵنەدەر و ماندوونەناسی پارتیمان بوو، لە ساڵی 1964 بۆتە ئەندامی لیژنەی تەفتیش و موراقەبەی پارتی، لە ساڵی 1966 یەکێک بووە لە ئەندامانی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی پارتیمان، ئەو هەمیشە تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی بوو، نموونەی پارتییەکی بەوەفا و شۆڕشگێڕ بووە.

لە ساڵی 1970 بووە بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان، ئینجا لە ساڵی 1974 بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ساڵی 1975 دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، لەو قۆناغەشدا بەردەوام بووە لە خەبات و پارتایەتی لە ساڵی 1977 ئەندامی لیژنەیەکی تایبەت بووە بۆ هاوکاری و هاریکاری و کۆمەککردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی گەلانی پێشکەوتنخواز، بەدرێژایی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان مامۆستا (محەمەد مەلا قادر) ڕۆڵی دیاری هەبوو لە قۆناغەکانی شۆڕشدا وەک هەڤاڵێکی کۆڵنەدەر و کادیرێکی لێهاتوو دەوری خۆی بینیوە. هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر)تەمەنێکی پڕاوپڕی لە خەبات و کۆڵنەدانێکی سەرڕاست و خۆنەویستانە بەسەربرد، هەمیشە نموونەی دڵسۆزی و کەسایەتی پاک و لەخۆبردوو بوو، کادیرێکی سیاسی قاڵبووی نێو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی حزبی و سیاسی بوو، هەر بۆیەش لە نێو جەماوەر و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان مایەی ڕێز و خۆشەویستی بوو.

هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر لە ساڵی 1984 بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هەمیشە خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی پارتایەتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر بوو، کەسێکی قوربانیدەر و شۆڕشگێڕ بوو، هەردەم لە خەم و پەرۆشی یەکڕیزیی و سەرخستنی پارتیمان و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەل و نەتەوەکەمان بوو.

لە ساڵی 1991 شانبەشانی هەڤاڵانی پارتیمان ڕۆڵ و بەشداریەکی کارای هەبووە لە ئامادەسازی و ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان، ئەوسا بەرپرسی میحوەری سنووری پارێزگای هەولێر بووە، لە ساڵی 1992لە یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێسپێردراوە و لەو ڕووەوەش سەرکەوتووانە دەوری خۆی بینیوە. لە ساڵی 1993 و لە کۆنگرەی یازدەی پارتیماندا دووبارە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە، ئینجا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی تا کۆنگرەی سێزدەی پارتیمان، هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) یەکێک بووە لەو پێشمەرگە دێرینانەی بەرامبەر خەبات و کۆڵنەدانی نەپساوەی میدالیای بارزانیی نەمری پێبەخشراوە. هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) بەدرێژایی تەمەنی پڕ بەخششی خەباتدا بەرپرسیاریتی لقەکانی یەک و دوو و چوار و هەشت و هەروەها بەرپرسیاریەتی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی و دەستەی چاودێری و بەدواداچوونی هەبووە، جگە لەمانەش، چەندین بەرپرسیاریەتی و ئەرکی سەخت و قورسی سیاسی و سەربازی و ئیداری دیکەی پێسپێردراوە و درێغی نەکردووە لە بەئەنجام گەیاندنی گشت ئەو ئەرکانە، هەوردەا جگە لە خەباتی سیاسی و سەربازی خاوەنی چەندین بەرهەم و کتێبە لەوانەش (بەندنامەی ئاوارە، کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، خەباتنامە، سەربوردە، ساڵێک لە شێخوەسان، سەربوردەی نەمران، دیوانی لاجانی).

لە کۆچی دوایی هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) بەناوی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە خۆمان لە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و تێکۆشەران و هاوخەبات و هاوسەنگەرانی مامۆستا و سەرکردە و ئۆرگانەکانی پارتیمان و یەکەیەکەی کادیر و ئەندامانی پارتیمان و خەڵکی کوردستان دەکەین.ئاسوودەیی بۆ ڕۆحی پاکی دەخوازین و دوعاکارین خوای گەورە هەڤاڵ و سەرکردە (محەمەد مەلا قادر)بخاتە بەر ڕەحمەت و دلۆڤانی خۆی و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

هەژاران سڵاو لە گیانی پاکی هەڤاڵی تێکۆشەری دێرینی پارتیمان(محەمەد مەلا قادر)ڕێگای هەمیشە پڕ ڕێبوار بێت..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

2019/1/15

مەسرور بارزانی و وەزیری دەرەوەی ئێران چەند پرسێکی هاوبەشیان تاوتوێکرد

هەڕەشەی تیرۆریستان و پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر و پێشهاتەکانی ناوچەکە تاوتوێکران



دوێنێ سێشەممە 2019/1/15 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا دوا پەردەسەندن و ڕەوشی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران گفتوگۆی لەسەر کرا.

مەسرور بارزانی، وێڕای بەخێرهێنانی وەزیری دەرەوەی ئێران، تیشکی خستە سەر پەیوەندی لە مێژینەی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و گەلانی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاماژەی بە دراوسێیەتی هاوبەشەکان دا لە سەر بنەمای ڕێز و هاوسەنگی دوولایەنە. هەر لەم دیدارەدا هەڕەشەکانی تیرۆریستان و پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و پرسە هاوبەشەکان و پێشهاتەکانی ناوچەکە تاوتوێکران.

لە لای خۆیەوە وەزیری دەرەوەی ئێران هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و باسی لە بایەخی پەرەپێدان بە میکانیزمی پەیوەندییەکان، بەتایبەتی لە بواری پەیوەندییە ئابوورییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابووریەکانی ئێران و عێراق کرد و ڕایگەیاند، سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ئێران گرنگە و لەو پێناوەدا ئامادەی پەرەپێدانی هەموو هاوکارییەکانن.

نێچیرڤان بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر پەیامێکی راگەیاند

نێچیرڤان بارزانی: مامۆستا محەمەد مەلا قادر نموونەیەکی خۆڕاگری بوو

بە بۆنەی کۆچی دواییی خوالێخۆشبێت محەمەد مەلا قادر، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی مامۆستا محەمەد مەلا قادر کرد و تیایدا خوالێخۆشبووی بە نموونەیەکی خۆڕاگری ناساندووە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بۆ بنەماڵەی خەباتکاری ناسراو مامۆستا محەمەد مەلا قادر

کۆچی دواییی خەباتکار و پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەردوو کابینەی یەکەم و دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، خەمبار و دڵتەنگی کردم. بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و خزمان و سەرکردایەتی و هەموو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کوردستان دەکەم.

مامۆستا محەمەد مەلا قادر لە ڕۆژگارێکی زۆر سەختدا و دوو ساڵ دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستی بە کاری سیاسی کردووە و یەکێک بووە لەوانەی گەنجانی دەشتی هەولێری بەرەو کوردایەتی و چالاکی و کردەوەی ڕۆشنبیرانە و ڕۆشنگەری هاندەدا. بەردەوام بە تێکەڵاوکردنی باوەڕی پتەوی ئایینی و ڕۆحی کوردایەتی، باوەڕی خەڵکی کوردستانی بە شۆڕش و ئامانجەکانی شۆڕشی کوردستان بەهێزتر و فراوانتر دەکرد.

مامۆستا محەمەد مەلا قادر دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاوارەیی و پێشمەرگایەتیدا نموونەیەکی خۆڕاگری بوو. دوای ڕاپەڕینی 1991 وەک وەزیر بەشدار بوو لە کابینەی یەکەم و دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک یەکەمین و بااڵترین دامەزراوەی مەدەنی و یاساییی دەسااڵتی جێبەجێکردن لە کوردستان، ئەو شانازییەش شایانی خەباتی مامۆستا محەمەد مەلا قادر بوو. ناوی مامۆستا محەمەد مەلا قادر لە مێژووی شۆڕشی کوردستان و پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیی کوردستاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ڕۆحی مامۆستا شاد بێت و سەبووری و دڵنەواییش بۆ هەمووتان لە خوای گەورە دەخوازم.

نێچیرڤان بارزانی/سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

2019/1/15

مەسرور بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر پرسەنامەیەکی راگەیاند

محەمەد مەلا قادر نموونەی خۆڕاگریی و نیشتیمانپەروەری بوو و ناوی بە زیندوویی دەمێنێتەوە

مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا محەمەد مەلا قادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیامێکی هاوخەمی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت: مامۆستا محەمەد مەلا قادر پێشمەرگەیەکی دێرین و کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر و مرۆڤدۆست و هەقبێژی کاروانی کوردایەتی بوو، ڕۆڵی لە قۆناغە سەخت و جۆراوجۆرەکانی مێژووی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارە و نموونەی خۆڕاگریی و نیشتیمانپەروەری بوو، کە هەمیشە لە تۆماری خەباتی کوردستاندا ناوی بە زیندوویی دەمێنێتەوە. **ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:**

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

خانەوادەی شۆڕشگێڕی ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا محەمەد مەلا قادر بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا محەمەد مەلا قادرمان بیست.

مامۆستا محەمەد مەلا قادر پێشمەرگەیەکی دێرین و کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر و مرۆڤدۆست و هەقبێژی کاروانی کوردایەتی بوو، ڕۆڵی لە قۆناغە سەخت و جۆراوجۆرەکانی مێژووی خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارە و نموونەی خۆڕاگریی و نیشتیمانپەروەری بوو، کە هەمیشە لە تۆماری خەباتی کوردستاندا ناوی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادە و کەسوکار و جەماوەری پارتی و خەڵکی کوردستان دەکەین، لەخودای گەورە داواکارین مامۆستای خوالێخۆشبوو مەلا محەمەد بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە هەمووتان ببەخشێت.

براتان/مەسرور بارزانی

15ی کانوونی دووەمی 2019

لە ڕێوڕەسمێکدا شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری کوردایەتی مامۆستا محەمەد مەلا قادر بەخاکسپێردرا

















دوێنێ لە هەولێر، لە ڕێوڕەسمێکدا کە لقی 2 ڕێکی خستبوو، تەرمی تێکۆشەر و پێشمەرگەی ماندوونەناس ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیمەکراتی کوردستان مامۆستا محەمەد مەلا قادر، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی و لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و بەرپرسانی حکوومی و کەسوکار بەخاکسپێردرا. سەرەتا بەرپرسی لقی 2ئەحمەد کانی لە وتارێکدا بەخێرهاتنی ئامادەبووان و لایەنە سیاسییەکانی کرد، دواتر وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی خوێندرایەوە، وتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لایەن عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی خوێندرایەوە، وتاری بنەماڵەی خوالێخۆشبوو لە لایەن (ئاوارە)ی کوڕی مامۆستا محەمەد مەلا قادر خوێندرایەوە، پاشان چەپکە گوڵی پارتی و لایەنەکان لەلایەن فازڵ میرانی و عەدنان موفتی و چەپکەگوڵی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو لەلایەن خانەوادەی خوالێخۆشبوو لەسەر گۆڕی تێکۆشەری خۆڕاگر مامۆستا محەمەد مەلا قادر داندرا.

ژان ئیف لۆدریان: پەیوەندیی فەڕەنسا و کورد لە مێژینەیە و پێشمەرگە ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو لە شەڕی دژ بە داعش

پەیوەندییەکانی بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆکەکانی فەڕەنسا زۆر باش بوون و منیش پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ بەڕێز بارزانی هەیە

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، ژان ئیف لۆدریان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە شاری هەولێر ڕایگەیاند: پەیوەندیی فەڕەنسا و کورد لە مێژینەیە و پێشمەرگە ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو لە شەڕی دژ بە داعش. ڕاشیدەگەیەنێت مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە و ئەگەری هەیە دیسانەوە ناسەقامگیری ئەم ناوچەیە بگرێتەوە، گوتیشی: پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئێستا زۆر باشترن لە پێشتر.

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، جان ئیف لۆدریان کە ڕۆژی دووشەمە سەردانی بەغدای کرد و دواتر سەردانی هەرێمی کوردستان کرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی ،ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە و دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا دوێنێ سێشەمە ڕایگەیاند: ئەوە بۆ جاری شەشەمە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەم، پاش ئەوەی بووم بە وەزیر، پێشتر وەکو وەزیری بەرگریی و ئێستا وەکو وەزیری دەرەوە. لە کۆبوونەوەکانماندا چاومان کەوت بە سەرۆکوەزیرانی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی و جێگری سەرۆکی حکوومەت، قوباد تالەبانی، هەروەها لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم مەسرور بارزانی و دواتر لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی کۆبوونەوە. گوتیشی: ناونیشانی سەردانەکەی دۆستایەتی و وەفاداریی و ڕێزگرتنە بۆ کورد و کوردستان، چونکە جاران کە سەردانی هەرێمی کوردستانم دەکرد داعش زۆر نزیک بوو و ڕووبەڕێکی فراوانی لەڕێز دەستدا بوو و هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ داعش لە شەڕدابوون، پێشمەرگە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینی لە شەڕی دژ بە داعش، ڕێزم بۆ کورد و کوردستان هەیە و پەیوەندیی کورد و فەڕەنسا لە مێژینەن و لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆکەکانی فەڕەنسا زۆر باش بوون و منیش پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ بەڕێز بارزانی هەیە.

وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، جان ئیف لۆدریان لە دریژەی قسەکانیدا لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەی دوێنێ سێشەمە گرێی دا باسی لەوەکرد کە هەلومەرجی لەبار بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی باشتر لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئارا و لەمبارەیەوە گوتی: پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئێستا زۆر باشترن لە پێشتر، پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی نوێی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئێستا حکوومەتێکی نوێی فیدڕاڵیی لە بەغدا دروست بووە و لە داهاتووی نزیکدا لە هەرێمی کوردستانیش حکوومەتێکی نوێ دروست دەبێت.

جان ئیف لۆدریان هەروەها تێشکی خستە سەر بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش و لەمبارەیەوە ڕایگەیاند ئێستا هەلومەرجی باش هەن بۆ ئەوەی دیالۆگێکی ئەرێنی و باش لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق دەستپێبکاتەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکانیش بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی زۆر گونجاوە لە ڕوویەکدا و لە ڕوویەکی دیکە بارودۆخەکە ئاڵۆز بووە بە گشتی.

جان ئیف لۆدریان زیاتر ڕوونکردنەوەی دا و گوتی: بارودۆخەکە گونجاوە، چونکە ئێستا داعش نەماوە و هیچ ناوچەیەکی لەژێر دەست نییە، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە جارێکی دیکە داعش سەرهەڵبداتەوە، بارودۆخەکەش ئاڵۆزە چونکە ئەگەری ئەوە هەیە دیسانەوە ناسەقامگیری ئەم ناوچەیە بگرێتەوە، بەتایبەت ڕەنگە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە دەستپێبکات و دەبێت ڕێککەوتنی سیاسی هەبێت و چارەسەری سیاسی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە نەمێنێت، لەسەر ئەم بابەتانە زۆر بەدرێژی قسەمان کرد، لەهەمان کاتدا زۆر باسی بابەتەکانی دیکەمان کرد کە دەبێت عێراقی داهاتوو عێراقێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی بێت و ڕێز لەهەموو پێکهاتەکان بگرێت.

جان ئیف لۆدریان هەروەها سوپاسی هەرێمی کوردستانیش کرد کە چەند سالێکە پێشوازیی لە سەدان هەزار ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی عێراق کردووە و ڕایگەیاند لە هەمان کاتدا سەرسامی خۆم بۆ دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو پێشوازییەی لە چەند سالێی ڕابردوو لە پەنابەرانییان کردووە دەربڕیوە و خەڵکی هەرێمی کوردستانیش زۆر هاوکار بوون بۆ پێشوازیی لەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و ئەمەش نموونەیەکی زۆر باشە و دەبێت هەموومان پەندی لێوەربگرین. ناوبراو کە لەم سەردانەیدا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان سەرۆکی لێژنەی کاروباری دەرەوە لە پەرلەمانی فەڕەنسا و سەرۆکی کاروباری دەرەوە لە سێناتی فەڕەنسا لەگەڵی دان لە دریژەی قسەکانیدا باسی لەوەشکرد کە چاوی بە ئێزیدییەکانیش کەوتووە و ڕوونیکردەوە و گوتی: چاومان بە ڕێکخراوە ئێزیدییەکان کەوت، ئێزیدییەکان ڕووبەڕووی ناخۆشیی زۆر بوونەوە، خاتوو نادیە مۆراد زۆر وێنەی بڵاوکردەوە و زۆر دیمەنی نیشانی جیهان دا، بەڵام بەداخەوە هێشتا گەڕانەوە بۆ شنگال جێی مەترسییە، پێشم باشە دۆسیەی شنگال لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرچاو بگیرێت، چونکە بەڕاستی خەڵکی شنگال زۆر نەهامەتییان بینی و مافی ئەوەیان هەیە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بە بۆنەی کۆچی دوایی شانۆکار تەلعەت سامان

بە کۆچی دوایی تەلعەت سامان کەلێنێکی دیار کەوتە نێو بواری هونەری و ڕۆشنبیریی کوردییەوە

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی دەرهێنەر و شانۆکار، تەلعەت سامان، پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەڕێزان خانەوادەی دەرهێنەروشانۆکار(تەلعەت سامان)..

بە داخ وپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دەرهێنەروشانۆکار(تەلعەت سامان) مان بیست، بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس و کار و بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

(تەلعەت سامان) وەک کەسایەتییەکی شارەزا و دیاری بواری هونەری، دەرهێنەرێکی بەهرەمەند و چالاک و دیار بوو و وەک نووسەر و شانۆکاریش خاوەن دەیان بەرهەمی بەپێزی هونەری بووە و خزمەتێکی زۆری بەو بوارە کردووە، بۆیە ڕۆڵ و جێدەستی ئەو لە بواری هونەری شانۆ و درامادا ڕوون و بەرچاوە. بە کۆچی دوایی هونەرمەند و دەرهێنەر (تەلعەت سامان) کەلێنێکی دیکەی دیار کەوتە نێو بواری هونەری و ڕۆشنبیریی کوردییەوە.. هیواخوازین هاوخەمیی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و دڵسۆزان و هۆگرانی بەرهەم و کارەکانی کۆچکردوو ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.


جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و لەخودای گەورە داواکارین سەبووری وئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت وگیانی کۆچکردووش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی

سەرکردەی لێهاتووی ڕۆژە سەختەکان



یەحیا فایەق جاف

بەرێزێرکردنی هەردوو بەڕێزان جەنابی کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و کاک مەسروور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، هەنگاوێکی دروست و حەکیمانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ئامادەنەبوو پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێتەوە، ئەم دوو دەستنیشان کردنە لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ئەمڕۆی سیاسیی و ئابووری کوردستان، دوو دەستکەوتی گەورە و پڕ بەرهەم دەبێت، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان دوو سەرکردەی بە توانا و لێهاتووی خۆی بۆ ئەم بووەتە ژمارەیەکی هەرە دیار و گرنگی گۆڕەپانی سیاسی و ئاشتی و ئابووری کوردستان و ناوچەکە و، جەنابیان یەکێتکە لەو سەرکردە لاوانەی کە هەر لە سەرەتای بەرپرسیارێتییەوە لە حزب و حکوومەت، خاوەن کاریزمایەکی نموونەیی و سەرکەوتوو بووە، لە ساتە خۆش و ناخۆشەکانیشدا دا توانیوێتی بە لێهاتوویی خۆی، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا زووبانی هەڕەشە و خۆگیڤکردنەوە و پەنجە ڕاوەشاندنی بەرانبەرەکان بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و لێکحاڵیبوون و چارەسەری ناشتییانە. خۆ ئەگەر پێویست بە نموونە هێنانەوەش بکات، بێشک نموونەکان لەم ڕووەوە گەلەک زۆرن، نزیکترین نموونەش دوای ڕیفراندۆمە سەرکەوتووەکەی گەلی کوردستانە، بەسەرپەرشتی و سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، بینیمان بەڕێزیان چلۆن بە لێهاتوویی خۆی ڕووبەڕووی لێککەوتەکانی پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیە، پشت ئەستوور بەو باکگراوەندە دەوڵەمەندەی کە لە خەبات و تێکۆشانی کوردپەروەرانەی باب و باپیران و مێژووی پڕ سەروەریی بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەیەوە بۆی ماوەتەوە، جەنابیان ئەمڕۆ ئەرکە گەورە نیشتمانییە ڕاسپاردووە، زۆربەی شارەزایان پێشبینی ئەوە دەکەن، بەرهەمی ئەمەش بەزووبی لەسەر ژیان و بژێوی کوردستانیان دەردەکەوێت.

با بێمەوە سەر کرۆکی بابەتەکە کە من مەبەستمە لێرەدا تۆزقاڵێک لەسەری بدوێم، بێگومان ئەستەمە هەبێت بتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە جەنابی کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی دیبلۆماتێک و سیاسەتمەدارێکی لێهاتووی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیە، پشت ئەستوور بەو باکگراوەندە دەوڵەمەندەی کە لە خەبات و تێکۆشانی کوردپەروەرانەی باب و باپیران و مێژووی پڕ سەروەریی بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەیەوە بۆی ماوەتەوە، جەنابیان ئەمڕۆ بووەتە ژمارەیەکی هەرە دیار و گرنگی گۆڕەپانی سیاسی و ئاشتی و ئابووری کوردستان و ناوچەکە و، جەنابیان یەکێتکە لەو سەرکردە لاوانەی کە هەر لە سەرەتای بەرپرسیارێتییەوە لە حزب و حکوومەت، خاوەن کاریزمایەکی نموونەیی و سەرکەوتوو بووە، لە ساتە خۆش و ناخۆشەکانیشدا دا توانیوێتی بە لێهاتوویی خۆی، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا زووبانی هەڕەشە و خۆگیڤکردنەوە و پەنجە ڕاوەشاندنی بەرانبەرەکان بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و لێکحاڵیبوون و چارەسەری ناشتییانە. خۆ ئەگەر پێویست بە نموونە هێنانەوەش بکات، بێشک نموونەکان لەم ڕووەوە گەلەک زۆرن، نزیکترین نموونەش دوای ڕیفراندۆمە سەرکەوتووەکەی گەلی کوردستانە، بەسەرپەرشتی و سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی، بینیمان بەڕێزیان چلۆن بە لێهاتوویی خۆی ڕووبەڕووی لێککەوتەکانی پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دیبلۆماسییەی جەنابیان تامانجی تەواوی خۆی پێکا، ئەمڕۆش هەموان بەرهەمی ئەو دووربینییەی جەنابیان لەسەر ژیانی یەکە یەکەی هاوڵاتیانی عێراق و کوردستان و ناوچەکەش دەبینن.

لە ڕووی (وزە) و ئاوەدانییەوە، هیچ گومان لە ڕۆڵی جەنابیان نییە، ئەو پێشکەوتنانەی ئەمڕۆ لە هەرێمەکەمان لەم ڕووەوە بە دەستهاتوون، بە هەوڵ و هیمەت و دووربینی جەنابیان بووە، بەڵێ هەر سیاسەت و دووربینی جەنابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو وای کرد، هەرێمی کوردستان بچێتە نێو نەخشەی وزەی جیهانییەوە، ئەوەتانێ ئێستا ڕۆژ دوای ڕۆژ، کۆمپانیا گەورەکانی وزە و ئاوەدانی ڕوو لە هەرێمەکەمان دەکەن، ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لەم لایەنەوە بەرهەمی ئەو سیاسەتە ڕاست و دروست و بەرچاو ڕوونییەی بەڕێزیان بووە بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی هەرێمی کوردستان، سوپاس بۆ خودا ئەمڕۆ کوردستان بووەتە خاوەن وزەی خۆی و ڕۆژ دوای ڕۆژ هەنگاوەکان لە خاسەوە بەرەو خاستر ئاستەنگییەکان دەبڕن.

لە ماوەی حوکمڕانێتی جەنابیاندا، بەتایبەتی لە سەردەمی کابینەی هەشتەمدا، زۆر ئاستەنگ و کێشەو پێلانگێڕی بۆ دروستکرا، سەردڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و پێلانگێڕیانەی دژ بە حکوومەتەکەی و خودی خۆشی وەکو کادیرێک و سەرکردەیەکی لێهاتووی پارتی دروست دەکران، بەڕێزیان توانی ئەم دۆخەش بە لێهاتوویی تێپەڕێنێت.

شەڕی داعش و بڕینی مووچە و پێلانگێڕی نێوخۆیی و دەرەکی و کشانەوەی هەندێک لایەن لە کاتێکی زۆر ناسک و هەستیاردا لە حکوومەتەکەی، نەبوونە هۆی ئەوەی جەنابیان لەم چەند ساڵەی دوابیدا کردی و ئەنجامی دا کاری گەورەبوون، بەرانبەر ئەو پێلانگێڕییە زۆرانەی کە دژ بە بەڕێزیان و کابینەکەی لە ئارادابوون.

ئەوەی پەیوەستە بە کابینەی نۆیەمیشەوە، تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕە هیچ ڕووبنەداوە و سەردەداوەکانیش تا هەنووکە دەرنەکەوتوون، جیا لە چەند دیدارێک نەبێت، بەڵام پێش دروستبوون و دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە بە دروستبوونی بەیتە یەکێک لە کابینە هەرە سەرکەوتووەکان، هەر لە ئێستاشەوە ئەم کابینەیە بووەتە جێگای حزبەوە خست، بوونە جێی ڕەخنەی زۆری هاوڵاتیان بەگشتی و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی.

ئێستاش کە جەنابیان نزیکە لەوەی ئەم پۆستە جێ بێڵێت و ئەرکێکی نیشتمانیانەی گەورەتر وەربگرێت، دەبێت هەمیشە ستایشی خۆڕاگری و ماندووبوونی بەڕێزیان بکەین، چونکە ئەوەی جەنابیان لەم چەند ساڵەی دوابیدا کردی و ئەنجامی دا کاری گەورەبوون، بەرانبەر ئەو پێلانگێڕییە زۆرانەی کە دژ بە بەڕێزیان و کابینەکەی لە ئارادابوون.

ئەوەی پەیوەستە بە کابینەی نۆیەمیشەوە، تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕە هیچ ڕووبنەداوە و سەردەداوەکانیش تا هەنووکە دەرنەکەوتوون، جیا لە چەند دیدارێک نەبێت، بەڵام پێش دروستبوون و دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە بە دروستبوونی بەیتە یەکێک لە کابینە هەرە سەرکەوتووەکان، هەر لە ئێستاشەوە ئەم کابینەیە بووەتە جێگای ستایش و دڵخۆشی زۆری هاونیشتمانیان، بەتایبەتی کە پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەت، جەنابی کاک مەسروور مەسعود بارزانی یە، کە دەرچووی هەمان قوتابخانەی بارزانییە نەمر و ڕۆڵەی بە ئەمەکی جەنابی ڕێبەری گەلی کوردستان کاک مەسعود بارزانییە، لە هەمان کاتیشدا بەو پێیەی بەڕێزیان لە ئەرکی پێشووتری وەکو ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی بە جێ گەیاندووە، هەر بۆیە ئەم دەستنیشانکردنەی بەڕێزیان لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە، بووەتە جێگای ستایشی زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتییان، لە ئێستادا ئومێدەکان بە کابینەی داهاتوو بۆ بەجێ گەیاندنی دروشمەکەی پارتی بەرەو بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز کە بڕا گەورە سەربەرشتی دەکات زۆرن.

بێشک ئەوەی لە جەنابی کاک مەسروور بارزانی چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە، کە بە دەستێکی پڵاڵین لە هەموو گەندەڵکار و کەمتەرخەمان بدات و ڕێگای ئەوەیان پێ نەدات، یاریی بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە بکەن و سەروەت و سامان و داهاتی میللەتەکەمان بە تاڵان ببەن، بەشێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جۆرانەدا بکات، کە نێو دام و دەزگاکانی حکوومەت جێگایان نەبێتەوە، بۆ ئەوەی نەبنە بەڵاو دوژمنی خۆخۆر بۆ حکوومەتەکەی جەنابیان، نابێت ئیدی ڕێگا بە هەندێک بدرێت یاریی بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە بکەن.

ئەنوەر حەمدانی بۆ خەبات:

ماوەیەکی دیکە عێراقییەکان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش دەزانن مەسعود بارزانی چەند پیاوێکی ڕاستگۆ و مەزنە

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

میدیاکار و پێشکەشکارێکی ناسراوی عێراق و جیهانی عەرەبی باس لە گۆڕانکاری گەورە لە نەخشەی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی عێراق دەکات و دەڵێ: ماوەیەکی تر هەموو عێراقییەکان و وڵاتانی ئیقلیمی و عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆیان دەردەکەوێت کە مەسعود بارزانی چ سەرۆکێک سەرکردەیەکی گەورەیە. ئەنوەر حەمدانی کە پێشکەشکارێکی ناسراوی چەند بەرنامەیەکی سیاسی پڕ بینەری عێراقییە و یەکێکە لە شرۆڤەکارە ئیعلامییە لێهاتووەکانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەڕاستی هەڵوێستی سەرۆک مەسعود بارزانی لە پرسە عێراقی و کوردستانی و نێودەوڵەتییەکانیشدا جێگەی شانازی هەموو کوردێک و هەموو عێراقییەکانیشە و ڕەنگە تاکە سەرکردە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەڵێنەکانی خۆی ئازایانە و دڵسۆزانە بردووەتەسەر و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دوای گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکانی هاوکێشەی سیاسی و سەربازی و ئابووری ناوچەکە دەبینن کە سەرۆک مەسعود بارزانی چ سەرۆکێکی حەکیم و چ پیاوێکی ڕۆژی تەنگانە و چەند دڵسۆز و ڕاستگۆ بووە لەگەڵ میللەتەکەی و لەگەڵ هەموو عێراقییەکانیش. حەمدانی لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس لە گۆڕانکاری هەڵوێستی زۆربەی نەیارانی سەرۆک بارزانی دەکات و دەڵێ: هەموو دەبینین یەک لە دوای یەک نەیارانی کورد و سەرۆک مەسعود بارزانی چۆن پەشیمانن لەو هەڵوێستەی بەرانبەر هەنگاوەکانی بارزانی هەیانبووە و ڕیزیان بەستووە بۆ هەولێر بۆ ئەوەی دیپلۆماسییانە و هەندێجاریش بە شەرمەزاریەوە بۆ ئەوەی داوای لێبوردنی لێ بکەن.



جێگری سەرۆکی لاوانی جیهان بەشداری کۆبوونەوەی لاوانی مەکەدۆنیای کرد



لەمیانی بەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمی ئەنجوومەنی تازە هەڵبژێردراوی سەرکردایەتیی لاوانی باکووری مەکەدۆنیا، فەلاح حەسەن جێگری سەرۆکی لاوانی سیاسیی جیهان باسی لە ڕۆڵی گەلی کوردستان کرد لە کاتی پێشوازیکردنی لێقەوماوانی لێکەوتی شەڕی داعش کە لە سووریا و باشووری عێراقەوە هانایان هێنابووەتە هەرێمی کوردستان. هەروەها باسی لە ڕۆڵی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کرد کە توانی خۆڕاگربێت لەسەرجەم جەنگ و بارە نەخوازراو و ئاستەنگەکانی ئابووری کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە لەمیانی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو کە لە دەستی داعش و هەندێ هێزی میلیشیای بەکرێگیراوی عێراقەوە توشی هاتووە و بەرەنگاریان بووەتەوە. فەلاح حەسەن لە کۆتایدا بە ئامادەبووان گوت: گەلی کوردستان گەلێکی قارەمان و خاوەن میژوویێکی پڕ سەروەرییە، بۆیە پێم خۆشبوو شتێک لەسەر گەلەکەی ئێمە بزانن.

سائیرون: هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ کۆمپانیایەک قۆرغکراوە


ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕایدەگەیەنێت وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستێکی قۆرغکاریی لەگەڵ کۆمپانیایەک بەستووە بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ ماوەی20 ساڵ و ئەمەش بە نایاسایی دەزانێت، ئەندامی فراکسیۆنی سائیرون، سادق سلێتی گوتی: ئەو کۆمپانیایەی بەرپرسە لە هەناردەکردنی نەوتی عێراق ڕێژەی 22.5 لە سەدی قازانجی دەست دەکەوێت و هەناردەکردنی نەوتی عێراقی قۆرغکراوکردووە. سلێتی لەوبارەیەوە ڕایدەگەیەنێت پرسیارمان لە نووسینگەی پشکنەری گشتی لە وەزارەتی نەوت لەبارەی بوونی 29 تێبینی کردووە، بۆمان دەرکەوتووە کە گرێبەستی هاوبەشی هەیە لە نێوان کۆمپانیای عەرەبی و کۆمپانیای بارهەڵگرەکانی نەوتی عێراقی. ئەو گوتیشی: ئەو گرێبەستی هاوبەشییە نەوتی عێراق بۆ ماوەی 20ساڵی داهاتوو بۆ کۆمپانیای عەرەبی دەستەبەر دەکات و بەم پێیەش ئەو کۆمپانیایە بەرپرس دەبێت لە هەناردەکردنی نەوتی عێراق و بڕی قازانجیشی دەگاتە 22.5 لەسەد، بەڵام ئەم گرێبەستە قۆرغکارییە و ڕێگە بە حکوومەتی عێراق نادات گرێبەستی هاوبەشیی دیکە لەگەڵ کۆمپانیای دیکە واژوو بکات تا 20 ساڵی داهاتوو.

کەرکووک.. ڕاکان جبوری هۆشداری لەبارەی زیادبوونی ژمارەی تیرۆریستانی داعش دەدات



پارێزگاری سەڵاحەددین و ناشەرعی کەرکووک، ڕاکان سەعید جبوری هۆشداری دا لەبارەی زیادبوونی ژمارەی تیرۆریستانی داعش لە باشووری پارێزگای کەرکووک و ڕایگەیاند کە ژمارەی تیرۆریستانی داعش بە جۆرێک لە باشووری پارێزگاکە زیادیکردووە، بووەتە جێگەی مەترسیی.ڕاکان سەعید جبوری باسی گوتیشی: ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستانی داعش لە زنجیرە چیاکانی حەمرین و دۆڵی ئەبو خەناجر و زغیتون خۆیان حەشاردەوە، بۆیە پێویستە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژ بەو تیرۆریستانە لەو ناوچانە ئەنجام بدرێت. ئامازە بەوەش دەکات کە تیرۆریستانی داعش بەردەوام هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری باشووری پارێزگای کەرکووک. ئەو پارێزگارە ناشەرعییەی کەرکووک، ئاشکراشیکردووە کە ژمارەیەک تیرۆریستی داعش لە ناوچە بیابانەکانەوە دزەیان کردووەتە ناو شاری کەرکووک و لە ئێستادا لە شێوەی شانەی نووستوو لە شارەکە خۆیان حەشارداوە. ڕاشیگەیاند سەرهەڵدانی هەر کێشە و قەیرانێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی لە کەرکووک لە بەرژەوەندی تیرۆریستانی داعشدا دەبێت. داواشی لە حکوومەتی فیدرال کرد کە هێزی ئەمنی زیاتر ڕەوانەی پارێزگای کەرکووک بکات و ئاماژەی بەوەشدا کە لە میانی کۆتاییەکانی مانگی ڕابردوودا، ژمارەی هێرشەکانی داعش بۆسەر هێزە ئەمنییەکان و هاوڵاتی مەدەنی زیادیکردووە.

بەرلین..سبەی چلەی ماتەمینی بیرمەندی گەورەی کورد جەمال نەبەز بەڕێوەدەچێت



ساسان دەروێش- ئەڵمانیا

سبەی پێنجشەممە 2019/1/17 کاتژمێر 6ی ئێوارە لە شاری بەرلین، لە ژێر ناونیشانی قەڵەمێکی خۆشڕەوان بۆ بیر و ئەدەب و زمانی کوردی چلەی ماتەمینی زانای نێودەوڵەتی کورد دکتۆر جەمال نەبەز لە لایەن چڤاتی کوردی لە بەرلین براندبورگ بەڕێوەدەچێت. لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Dersim kultur Gemeinde
Waterlo Ufer 5-7
10967 Berlin

بۆ زیاتر زانیاری لەسەر بەڕێوەچوونی چلەی ماتەمینییەکە هاوبیر هەڵۆ بەرزنجەیی کە نزیک و دۆستی هەمیشەیی مامۆستا جەمال نەبەز و بنەماڵەکەی بووە، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە مامۆستا تێیدا ژیاوە و کاری کردووە، بەشداری دەکات و هاوبیرانی لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان، پاشان خۆشم بابەتێکم هەیە لەسەر ئازادی بەنرخترە لە سەربەخۆیی ئەوجا وتاریکی کاک جەواد مەلا و شیعرێکی مامۆستا کامیل ژیر و پاشان ڕێگە دەدرێت بە ئامادەبوان لە دۆست و خۆشەویستانی مامۆستا نەبەز هەریەکە بە چەند وتەیەکی کورت باسی مامۆستا بکەن. ڕەنگە بابەتی دیکەش بکەوێتە بەرنامەوە، هاوکات گرووپێکی میوزیکیش هەیە بە سروودی ئەی ڕەقیب و پێشکەشکردنی بۆنەی ماتەمینی بەشدارەدبن و شیرینی و خواردنەوەش بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکرێت، لە لایەن کورِ و کچێکیش چلەکە بەڕێوەدەچێت، یەک لە باکوور و ئەوەی تر لە باشوور، هەروەها هاوبیر پشکۆ وتاری جەواد مەلا و شیعری مامۆستا کامیل ژیر دەخوێنێتەوە و هاوبیر عوسمان وتاری کۆمەڵەی هاوبیرانی کوردایەتی دەخوێنێتەوە. لە کۆتاییشدا مامۆستا جەمال نەبەز و گشت شەهیدانی سەربەرزی کوردستان ڕەوانشاد بن.



لە 4هەمین ساڵیادی هەردوو شەهیدی فەرمانده
لیوا (عوسمان پیرانی) و عەمید (ڕەشید سەردەری)دا

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

ساڵەهایە لە دیرۆکی بەرخودانی نەتەوەییماندا پەیامی کوردستان یان نەمان سەدای دێت و بووتە فێرگەی کوردایەتی و کۆڵنەدانی ڕاستەقینە، ئەوتا ئەم ڕێبازە، ئەم کاروانی نەپساوەیەی خەبات هێشتا بۆ ئەدای ئەرکە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خۆێن دەبەخشێ و هێشتا لە بڕینی ڕێگای سەرکەوتنەکانیدایەو تا دێت بە خۆێن بەڵگەو تۆماری زیاتر لەسەر ئیرادەی فیداکاری و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە دەنەخشێنێ و پێشکەش بە نەوەکانی ئەم نیشتمانە دەکات لەپێناو ڕوناکتربونەوەی ئاسۆی سەرفیرازی یەکجاری خاک و گەلی کوردستانی.

ئەوەتا مێرخاسانی ئەم ڕێبازە شکۆمەندە وا گۆشکراون کە لەپێناو کوردستانەکەیاندا گەرو لە مەرگ، لە هەر دوژمنێکی ژیان و ئازادی و تەنهایی دەبەنەوەو بە خۆێنی ئاڵیان پاراستنی ئەمڕۆ و سەرکەوتنی سبەینێ مسۆگەر دەکەن. شەهیدی فەرمانده لیوا (عوسمان پیرانی) بە تۆمارکردنی 41 ساڵ خەباتی پێشمەرگەکایەتی و هاوسەنگەری شەهیدی فەرمانده عەمید (ڕەشید سەردەری) بەتۆمارکردنی 47 ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی کە هەر لەم ئەرکە پیرۆزەیدا کە 4 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە 11-1-2015 لە گوندی سولتان عەبدوڵڵا دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ تیرۆریستانی داعش شەهید بوون لەپێناو کوردستان. ئێمەش لەئەو یادەدا خەبات و تێکۆشانی هەردوو شەهیدی فەرمانده بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات دەخەینەڕوو.

سەروەرینامەی شەهیدی فەرمانده لیوا (عوسمان پیرانی)

شەهیدی فەرمانده لیوا (عوسمان عەبدولڕەحمان پیرانی) ناسراوە بە (عوسمان پیرانی) لە ساڵی 1955 لە گوندی پیران سەر بە دەڤەری بارزان لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو شۆڕشگێڕ لە دایکبووە، لە ساڵی 1974 پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات، لە ساڵی 1975 لە گەڵ کەسوکارەکەی ئاوارەی ئێران دەبێت، لە دەستپێکی شۆڕشی گوڵان پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگە دەکات لە سنووری قوەتی بارزان. ساڵی 1979 بووە پێشمەرگەی قوەت بارزان، بەشداریکردن لەخۆڵی ڕاهێنانی چەک، لە ئۆردوگای زێوە ساڵی 1979، لەسەر فەرمانی شەهیدی هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانی بەشداری خولی کادیرانی پارتی ساڵی 1981 کردووەو لەبەر ئازایەتی و خەباتی پێشمەرگایەتی 4-4-1988 بوویتە ئەندامی ڕێکخراوی قەلەندەر. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی بەرپرسیاریتی پێدراوەو بەشداری چەندین داستانی بە ناوبانگی کردووە. ئەو شەڕ و مەفرزانەی کە شەهیدی بەشداری تێدا کردووە: لێدانی فەوجی ئەشکەوتووان 20-11-1980، لێدانی ڕەبیەی لێلۆک 21-11-1980، ئەنجامی مەفرزە لە گۆرا گومێ 1981، لێدانی ڕەبیەی باوەی 1981، شەڕی محەمەد شا 3-20-1983، شەڕی عەربە و کۆێکا(وەزنێ)-8 3-1983، شەڕی چیای پیران 1986، بەشداری ردنی چەند مەفرەزەی جیاواز لە 18-9-1986 تا 21-10-1986، شەڕی مێرگەسۆر 1987، شەڕی بێشوون 3-8-1988، شەڕی دەریای سۆر و بەرمێزە 4-8-1988، کەمینەی سۆرێ، لێدانی ڕەبیەی خۆشکان، لیدانی مقر سریەی خۆشکان، شەری چەقل مستەفا، شەڕی شاولە، شەڕی مەسیف ئەمانەی هەموو ئەو شەڕ و هێرشانەن کە چ لە شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕین کە دژ بە حکومەتی بەعسی عێراق ئەنجامدراون. لە شۆڕشی گوڵاندا چەند جارێک بریندار دەبێت وەک لە شەڕی مێرگەسۆر 1987، لە شەڕی کتکینێ . 1988-8-18 شەڕی کۆڕاڤا 1988-9-4، هەروەها یەکێک بووە لە قارەمانانی بەشداربوو لە داستانە مێژوویییەکەی خواکورک دا و لەو نەبەردیە کەم وێنەیەدا بە سەختی بریندار دەبێت. دوای تەمەنێک لە خەباتی سەختی شاخ، ساڵی 1991 بەشداری کارای دەبێت لە ڕاپەڕینە دیرۆکییەکەی کوردستاندا و بەشداری بەڕچاوی دەبێت لە داستانی بەناوبانگی کۆڕێ و هەر لەو نەبەردییە و چارەنوسسازەدا دوای شەڕێکی مەردانە بە جیاوازی و هیچ کاتێک غەدر و زوڵمی قەبول نەدەکرد و لەگەڵ هەژاران و لێقەومان بوو، مرۆڤێکی نەرم و نیان و قسە خۆش و ڕاستگۆ بوو، هەمیشە لە سەر حەق بوو، لە ساڵی 1999 دەبێتە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی بارزان. بەشداری لە کۆنگرەی 10و 11و 12و 13ی پارتی دەکات، لەبەر خەبات و قارەمانیەتی لە کۆنگرەی 13ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی مەدالیای (بارزانیی نەمر)ی پێ بەخشراوە. ئەم فەرماندەو کەسایەتیە نەمرە تێکۆشەرێکی باوەڕ پتەو کۆڵنەدەر بوو، خاوەن کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو خۆشەویستی ناو بنەماڵەیەکی کوردپەروەرو خەباتگێڕ لە دایکبووە، هەر لە تەمەنی لاوێتی هەستی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی تێکەڵ بە ناخی دەبێت، شەهید (ڕەشید سەردەری) لەگەڵ زۆر لە کەسوکاری هەر پێشمەرگە بوونەو لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەرن، لە تەمەنی لاویەتی چەکی پێشمەرگایەتی لەشانکردووەو لەگەڵ فەرماندەی خەباتکار (مستێ عەبدوڵڵا کرکەمۆیی) دا بۆیە لە ساڵی 1968 دەچێتە حاجی ئومەران لەگەڵ فەرمانده (ئەحمەد حاجی تاتکی) بەردەوام دەبێت لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دەچێتە ڕیزی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوەو چەکی بەرگریکردن لە خاک و نەتەوەکەی دەکات شان و هەر لەو شۆڕشەدا بەشداری چەندین داستان دەکات. دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبێت، بەڵام بە هەمان ڕوحیەتی بەرزی شۆڕشگێڕانەیەوە بۆ دڕێژەدان بە خەبات لە شۆڕشی گوڵاندا بەردەوام دەبێت لە دەستپێکی شۆڕشی گوڵاندا لەگەڵ کەسوکاری بوونەوە پێشمەرگەو چوونەوە ناو سەنگەر لەگەڵ فەرماندەی خەباتکار (مستێ عەبدوڵڵا کرکەمۆیی) دابوون لە ڕۆژان لەسەر ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و یەکێک لەو قارەمانانە بووە کە لە داستانی خواکورک دا ڕۆڵی هەبووە، شەهیدی فەرمانده عەمید (ڕەشید سەردەری) لە خانەوادەیەکی خەباتگێڕو شەهید پەروەرە، برایەکی بە ناوی (مستەفا ئیبراهیم) لە ساڵی 1983 یەکێک لە ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکان بووەو برازایەکی بەناوی (شاهین ئارەب ئیبراهیم) لە ساڵی 1986لە زیندانی ئەبوغریب لە سێدار دراوە..شەهید فەرمانده عەمید(ڕەشید سەردەری)دوای ئەوەی دەیان بەهاری تەمەنی لە پێشمەرگایەتی گوزەراندو لەو ماوەیەدا چالاکانە ئەرکەکانی بەجی گەیاندووەو بەشداری لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دەمات و ڕۆڵی گیانفیدایانەی هەبووە و هەتا کەسێکی زۆر خۆشەویست و متمانە و باوەڕپێکراو لای جەنابی سەرۆک بارزانی بووە، شەهیدی فەرمانده عەمید(ڕەشید سەردەری) یەکێک لە پاسەوانەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی بەرپرسیارەتی پێدراوە. لە ساڵی 1993گواستراوەتەوە بۆ لەشکری تایبەتی 1و دواتر بۆ هێزی یەکەی پاسەوانی بەرێز جەنابی سەرۆک بارزانی و لە ساڵی 1995لەبەرگریکردن لە دەسکەوتەکانی خۆێنی شەهیدان بریندار دەبێت، چەند ئەرکی بەرپرسیارەیەتی وەرگرتووە،دوا جار بە پلەی عەمید خانەنشین کراوە. شەهیدی فەرمانده عەمید(ڕەشید سەردەری)مرۆڤێکی کوردددۆست بوو و وەکو پێشمەرگەیەک هەموو ژیانی پێشکەش بە شۆڕش ڕێگای ئازادی کوردستان کردبوو، مرۆڤێکی بەرێز بوو، مرۆڤێکی خۆشەویست و بەڕەحم بوو، کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆشەویستی دەڤەری بارزان بووە، کەسێکی قارەمان ناسراو بووەلای هاوسەنگەرانی، هەرەدم کەسێکی خۆڕاگر بووە تەنها خزمەتی بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر هەڵبژاردەبوو بۆخزمەتکردنی بە گەل و نیشتیمان، جوامێری و خۆشەویستی بۆ کوردستان و ڕێبازەکەی هانیدا کە لە دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ بەرگری لە کوردستان بچێتەوە ناو سەنگەرو لە میحوەری گوێرو مەخمور دژی تیرۆریستان بجەنگن. لە دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش دژی خاکی کوردستان شەهیدی فەرمانده عەمید (ڕەشید سەردەری) بە وردو ئیرادەیەکی بەرزەوە چووەوە ناو مەیدانی بەرگری بۆ پاراستنی خاکی کوردستان کە هەمیشە بەماڵ و پێشمەرگەکانی دەیگوت: داعش شکست دەخوات چونکە ئەوانە ناهەق و ناحەزن و پێشمەرگە بەسەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی شکست بەو دوژمنە چەپەڵانە دێنێت.پێشمەرگەی دێرین و خەباتکاری ڕۆژە سەختەکان شەهیدی فەرمانده عەمید (ڕەشید ئیبراهیم سەردەری) لە 11-1-2015 دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لە گوندی سولتان عەبدوڵڵالەگەڵ شەهیدی فەرمانده لیوا (عوسمان پیرانی) گیانیان فیدای نیشتیمانەکەیان دەکەن و دەگەنە کاروانی شەهیدانی کوردستان. هەزاران سڵاو لە گیانی شەهیدی فەرمانده عەمید (ڕەشید سەردەری)و شەهیدی فەرمانده لیوا (عوسمان پیرانی)و گشت شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمر کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

سەختی بریندار دەبێت.
شەهیدی فەرمانده (عوسمان پیرانی) جگە لە بواری پێشمەرگایەتی لە بواری ئیداریشیدا توانادار بووە لە ساڵی 1992 لە سەر فەرمانی جەنابی سەرۆک بارزانی دەبێتە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر تاکو ساڵی 1998 بۆ ماوەی 6 ساڵ خزمەتی زۆر بە دەڤەری بارزان دەکات. باوەڕپێکراوی جەنابی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی و سەرکردایەتی پارتی بووە و بە مرۆڤێکی خەمخۆر ناسراو بوو. هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگە ژیاوە بێ



شەهید عەمید (ڕەشید ئیبراهیم چیچێ)



شەهیدی لیوا (عوسمان عەبدولڕەحمان پیرانی)

دیدی نێچیرڤان بارزانی و پێشکەوتنی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان



سەریەست مەغی

کەناڵەکانی دیپلۆماسیی یەکێکە لە ڕەگەزەکانی هێزیی نەرم و لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەت لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو گرنگی و بایەخی زۆری پێدەدرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی زۆر دەدات بە کرانەوەی کۆمەڵگایی کوردستان و دروستکردن و چێکردنی ڕایەڵەکانی پەیوەندیی دیپلۆماسی، ڕوانگە و دیدیی نێچیرڤان بارزانی لەسەر کایەیی دیپلۆماسی کوردستان گەش و پرشنگدارە.



پێگەی بە هێزیی هەوڵێر لە ترافیکی دیپلۆماسی ناوچەکە گەواهی هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سەرکەوتنە دیپلۆماسیەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەڵکشاندایە، هەنووکە زیاتر لە (40) کونسوڵخانەو نوێنەرایەتی دەوڵەتان لەسەرتاسەری جیهانەوە لە هەولێری پایتەخت بارگەیانخستوە، هاوکات بارەگای دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە کوردستانن، بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانیشەوە، ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک نوێنەرایەتی لە دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتانی زلهێزکردۆتەوە، بەشێوەیەکی گشتی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهاندا پەیامێکی قبوڵکراوە و چاوەڕواندەکرێت لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزتری هەبێت.

سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان

سەرەتایی سالّی 2019 هەرێمی کوردستان و بواژاندنەوەی ئابووری و هەڵکشانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، دوو ڕوانگە و ڕەهەندی گرنگ سیمای سالّی نوێی هەرێمی کوردستانە:

یەکەم: بوژانەوەی ئابووری و باشتربوونی بازارەکانی هەرێمی کوردستان و ژیانی خەڵک و سەرپێخستنەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان.

دووەم: هەڵکشانی پەیوەندییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان کە بە سەردانی مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەستی پێکرد، وا بڕیار ئەم هەفتەیە وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا و ئێران سەردانی هەولێر بکەن بۆ گفتوگۆی ڕووداوەکان و تاوتوێکردنی پێشهاتەکان، وا چاوەڕوان دەکرێت سالّی 2019 سالّێکی پڕ لە جموجۆڵی دیپلۆماسییبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردانەکەیدا بۆ هەولێر گرنگی و بایەخی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای دووپاتکردەوە بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان، بەناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پیرۆزبای لە نێچیرڤان بارزانی کرد بۆ کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پۆمپیۆ دووپاتی پەیوەندیی دوولایەن و پەرپێدانی پەیوەندییەکانی کردەوە، پێگە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تیرۆرستانی (داعش)دا.

سالّی 2019 و تیرۆر

دابەزینی ئاستەکانی تیرۆر بە درێژایی سالّی 2018، لە خاڵە ڕۆشنە دەگمەکانی ئەو ساڵەدا بوو. ئەو ڕاگەیاندراوانەی زانکۆی ماریلاند بڵاوی کردوونەتەوە دەربخستووە، ژمارەی هێرشەکانی تیرۆریستیی ساڵانە و لە ساڵی 2015ـەوە ڕوو لە دابەزینە، بەڵام لەوانەیە ئەوەیان لەسەر سالّی 2019 پیادە نەبێت. شارەزایان وای دەبینن، هۆکاری پاشەکشەکردنی هێرشەکانی تیرۆریستیی لە ئەورووپا بە شێوەیەکی تایبەت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، داعش شوێن پێی لە کیشوەرەکە لەدەست داوە. بڕاین لیڤین، سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەی ڕق لێبوونەوە و توندڕەوەی لە زانکۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا دەڵێت، داعش لە سووریا و عێراق زەبری کوشندەی بەرکەوت و تووشی زیانێکی زۆر بوو، بەشێکی زۆری گۆڕەپانی خوێشی لەدەست داوە، ڕێککخراوی ناوبراویش بەئەستەم دەتوانێت خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشێت و مەشقیان پێ بکات، بۆیە توانای ئەنجامدانی هێرشی گەورەی نەماوە. بەڵام بزاوی توندڕەوی دیکە لەناو نەچوونە و دووریشە لەوەی لەناو بچن. توێژەران دەڵێن، توندڕەوان ئەوان خاوەن هێشکی هاوشێوەن، ئێستا بە زۆری لەسەر ئینتەرنێت یەک دەگرنەوە، پەیوەندی لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن و کێشەی بچووک لەخۆ دەگرن، لەجیاتی ئەوەی لە گرووپی گەورە کار بکەن. ئەوانەش لەمیانی ڕۆیشتن لەسەر ڕێچکەی تونددڕەوی، هانی یەکتری دەدەن، ئەو تونددڕەوانەش بە زۆری کێشەی تاکەکەسی و خۆمالّی هانیان دەدات، وەکو کێشەی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا (بڕێکست)، یان بزاوی مانگرتووان لە هاوسەرگیریی، بۆیە کەمتر گوێ بە کێشە گەورەکان دەدەن، کە جیهانیان تەنیووە، وەکو جەنگەکانی ئایینی. لە سالّی 2019دا، لەوانەیە ئەو کێشە بچووکانە، کە تونددڕەوەکان پێوەی سەرقاڵن، لەوانەیە هێرشەکان، لە هاوشێوەی ئەوەی لە ئەمریکا بینیمان، وەکو کوژرانی دوو بازارکەری ڕەشپێست لە تشرینی یەکەمی ڕابردوو، لە یەکێتی ئەورووپا (بڕێکست)، یان بزاوی مانگرتووان لە هاوسەرگیریی، بۆیە کەمتر گوێ بە کێشە گەورەکان دەدەن، کە جیهانیان تەنیووە، وەکو جەنگەکانی ئایینی. لە سالّی 2019دا، لەوانەیە ئەو کێشە بچووکانە، کە تونددڕەوەکان پێوەی سەرقاڵن، لەوانەیە هێرشەکان، لە هاوشێوەی ئەوەی لە ئەمریکا بینیمان، وەکو کوژرانی دوو بازارکەری ڕەشپێست لە ڕەفتاری تونددڕەوان لەسەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی دەکات، پێشبینی ناکات، هێرشی زۆر بە ناوی داعشەوە بکرێت، دەشڵێت، بەڵام بەلامەوە سەیر نابێت، ئەگەر ژمارەی هێرشەکان زیاتر ببێت، ئەوانەی تاکەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوانەی بێ پێشبینی کردنیان ڕوو دەدەن، وەکو ئەوەی لە هیچەوە پەیدابووبن.

و: ڕەمزی میرەکانی

ناسناما نەتەوەیی بناغێ سەرخۆبوونێ یە



نەوزاد بارزانی

هەر ل دەستپێکا سەدێ بیستێ پرسا مافێن نەتەوەیان و مافێ چارەنڤیسێ ئاراستەیەکێ بەرفرەهتر بخوڤە گرت و هات ئازراندن، بزاڤێن نەتەوەو کێم نەتەوەیان بوویە پرسەکا هەرە گرنگ و چارەنڤیس بو زۆر ژ نەتەوەییێن بێ دەولەت، ئەوان نەتەوەیان بزاڤ کرینە پرسا خوە بدەن ناسین و داخازا مافێن خوەییێن ڕەوا بکەن و خەباتێ بو بکەن، چ ب ڕێکێن سیاسی و دیبلوماسی یان ژی شورش و سەرهلدانان.

ژ ئالیێ سیسای قە د جارنامێن نەتەوەیێن ئێکگرتی و یاسییێن نێڤدەولەتی دا بەحس ل سەر مافێن نەتەوەیان هاتیەکرن و مافێ سەرخۆبوونێ وەکو مافەکی سروشتی هاتیە پەسەند کرن، نەمازە ئەو نەتەوەییێن ژ ئالیێ زمان و کەلتور و دیروک و جوگرافیێ قە جوداهیا خوە هەیە.

ژ ئالیێ ئاینی قە، ئاینێ ئیسلاما پیرۆز ئەو ماف دایە نەتەوەیان کو د ئازاد بن ل هەلبژاردنا ئاین و کوچ کرن و مانەڤێ دا، د چەندین ئایەتێن قورئانا پیرۆز دا بەحسی ئازادیا ئاینی هاتیە کرن، کو بو وی سەردەمی وەکو مافێ سەرخۆبوونێ و ئازادیێ بۆ نەتەوەیان دهاتە ناسکرن.

کورد ئێک ژوان نەتەوەیانە کو سەرباری هەبوونا تەڤایا پرەنسیبێن سەرخۆبوونێ ژ ئالیێ سیاسی و ئاینی قە، بەلکو ئێک ژ مەزنترین نەتەوەیێن جیهانێ یە ژ ئالیێ قەبارێ قە، لێ تا نها سەرخۆبوونا خوە بدەست نەئینایە و نەبویە خودان دەولەتا خۆ یا جودا و تا نها ولاتێ وانا د بن دەستێ داگیرکەران دایە.

شۆڕش و سەرهلدانێن کوردی د ماوێ زێدەتر ل سەدیەکێ دا، سەلماندنا وێ ڕاستیێ یە کو کورد نەتەوەک خودان زمان و کەلتور و دیرۆکەک جیاوازە ژ دەوروبەرێ خوە، بزاڤێن وی ژبۆی سەلماندنا ناسناما نەتەوەیی و دەستەبەرکرنا مافێن خوە بێن ڕەوا و سروشتی بوویە وەک هەر نەتەوەیەکێ دیتر خودان ناسنامە و دەولەت ل ڤێ جیهانێ، پشت گرێدان ب باوەری و بنەمایێن مروڤایەتی و ئاینی و مافێن ژیانێ و ئەو بناغێ ئازادیا نەتەوەییان کو ل جیهانێ هاتیە پەسەندکرن، زولم و زۆرداری و داگیرکرنێ ڕەت کریە و سەرێ خو بۆ داگیرکەری نەچەماندیە.

لێ پرسگریکا هەرە مەزن لبەردەم کوردان، پارچە بوونا ولاتێ وانا یە دناڤبەرا چەند وەلاتێن دەوروبەر، کو وەکو داگیرکەر دەست بسەر ولاتێ کوردان دا گرتیە، زێدەباری کو ئەڤ ولاتێن هان هەر ئێک ژوانا خودان زمان و کەلتورەک جودایە، کو ئەڤەژی ئاستەنگەکا هەرە مەزنە لبەردەم کوردان.

د ئالیەکێ دن دا، جوداهیا نێرینا کوردی ژ کوردی بخۆ ل هەر پارچەیەکێ ل مەر بابەتێ کوردبوون و خەباتا کوردایەتیێ، کو لدویڤ ڕەوشا سیاسی و ئاستێ هوشیاریا نەتەوەیی و ڕۆلێ پارتێن سیاسی ڕێک و چەوانیا خەباتێ دهێت دیارکرن، کو ڕەنگە ل هەر پارچەیەکێ یا جودا بیت ل پارچەکا دیتر، ئەڤە بخۆڤێ ئێک ژ وان ئاستەنگان بوویە لهەمبەر کوردان و پرسا دەولەتبوونێ.

زێدەباری بزاڤێن بەردەوامێن وان دەولەتان ژبۆی بوژاندنا ناسناما کوردایەتیێ د کەلتورێ خوەدا و نەهێلانا هیچ دەرفەتەکێ بو دیارکرنا جوداهیا، ئەوژی ب گرێدانا و ناساندنا کوردان وەکو پشکەک ژ نەتەوەییێن وانا، هەر دەولەتەکێ ژی ئایدولوژیەک جودا بکارئینایە بو ڤێ مەرەمێ.

شێوازێن دەولەتێن داگیرکەر ژی د بوژاندنا ناسناما نەتەوەیی یا کوردی دا یا جودا بوویە ل دەولەتەکێ بو یا دیتر، بو نمونە:

ل ڕۆژهەلاتێ کوردستانێ کو د بن داگیرکرنا دەولەتا ئیرانی دایە، ڕژێما ئیرانێ بزاڤ کرینە ژ ئالیەکێ کوردان وەکو نژادێ فارسی بدەت ناسین، ژ ئالیەکێ دیتر ڤە سەپاندنا مەزهەبی یا شیعی وەکو ئاینێ دەولەتێ، کو لدویڤ دیتنا وان هەر بزاڤەک داخازا جودا بوونێ بکەت ئەڤە بزاڤەکە بو تێک دان و ئێککگرتنا ئومەتا ئیسلامێ و دڤێت بێتە قەدەغە کرن، بڤێ چەندێ دژی شەرعیەت پەدا کریە بو قەدەغەکرنا بزاڤێن سیاسی ل ئیرانێ و بتایبەت یێن کوردی.

ل باکورێ کوردستانێ کو دبن داگیرکرنا دەولەتا تورکی دایە، ڕژێما تورکی بزاڤ کرینە دبن پەردا نەتەوایەتیێ دا ناسنامەیا کوردی بەرزە بکەت، ئەوژی ب ناساندنا تورکی وەکو تاکە ناسنامە ل دەولەتێ و سەپاندنا زمان و کەلتورێ تورکی بسەر نەتەوەو کێم نەتەوییێن دیتر، بەردەوام پرسا بوونا نەتەوەییێن جودا ژی ڕەت کریە هەتا گەهشتیە وی ئاستی کورد بێنە ناڤ کرن ب تورکێن چیای!، ئەڤەژی بو زێدەتر بەرزەکرنا ناسنامەیا نەتەوا کورد د سوریا دا بکەت.

ل ڕۆژئاڤایا کوردستانێ کو دبن داگیرکرنا دەولەتا سوری دایە، ئایدولوژیا ڕژێما سوری ئەو بوویە کو نەژادێ عەرەبی بنەمایێ سەرەکی یێ پێکهاتا دەولەتێ یە، ئەڤەژی تەڤ نەتەوە و کێم نەتەوەییێن د ڤێ دەولەتێ دا بن پێ دکەت و ناسنامە و کەلتورێ وانا ڕەت دکەت، د هیچ وەختەکێدارژێما سوریا یا بەرهەڤ نەبویە دان پێدانێ ب هەبوونا نەتەوەیەکێ وەکو کەلتوری یێ کوردان بکەت.

ل باشورێ کوردستانێ کو دبن داگیرکرنا دەولەتا عیراقی دا بوویە، ڕەوشا کوردان ل عیراقێ تا ڕادەیەکێ یا جودابوویە، ئەوژی دزڤرینەڤە بو خەباتا کوردایەتیێ و دەستکەفتێن وێ، کو ل سەر دەستێ پارتی دیموکراتی کوردستان د قونافێن بەرێ دا هاتینە مسوگەر کرن و چووک ب ڕژێما عیراقی دادانینە کو دانپێدانێ ب مافێن نەتەوەیی و کەلتوری یێ کوردان بکەت د چارچوڤێ دەولەتا عیراقی دا، لێ زێدەباری ڤێ چەندێ ورژێما عیراقی و د هەموو قونافێن خودا بزاڤ کرینە کو کوردان وەکو جڤاکەک خێلەکی و پەرت و بەلاڤ بدەت ناسین، ژبوی کێم کرنا بهایێ وانا و بەرزەکرنا وان دناڤ جڤاکا عەرەبی یا عیراقی دا، و هەروەها ب ڕێکا سەروک عەشیرەتان و ڕازی کرنا وان و دوورخستنا وان ل پرسێن سیاسی یێن کوردی، و جار جار پەیداکرنا ئاریشەیان دناڤبەرا وان عەشیرەتێن کوردی دا، شیان ل هێزو قودرەتا کوردان کێم بکەن و بسەردا زاڵ ببن، هەروەها هزر و هوشیاریا کوردی تا ڕادەیەکێ ل پرسییێن نەتەوەیی و مافێن کەلتوری دوور بێخن.

ل ئەڤا هان، خویا دبیت کو بابەتێ ناسنامەیا نەتەوەیی چەند گرنگ و پێدڤی یە بۆ وان نەتەوەییێن تا نها د بن دەستێ داگیرکەران دانە و دبێ ماف و دەولەتن، و چەند یا گرنگە کو داکۆکی ل سەر ناسناما نەتەوەیی بێتە کرن کو تاکە ڕێکە بو دیارکرنا جوداهیان و سەلماندنا بوونا نەتەوەیی و پەیدا کرنا شەرعیەتێ بو بدەستڤە ئینانا مافێن ڕەوا.

ئەڤ قوناغا نها یاکو ڕوژهەلاتا ناڤێن تێدا دەرباز دبیت کو ئاماژەیە بۆ پەدابوونا ڕەوشەکا نوێ یا جیوپۆتیکی، باشترین دەرفەتە بو کوردان پێداگیریێ ل سەر ناسناما خۆ یا نەتەوەیی بکەن و دڤێ ڕەوشا نویدا داخازا مافێن خۆ بێن دیرۆکی و کەلتوری بکەن، نەک بتنێ ل پارچەیەکێ کو دەرفەت بو هاتیتە پێش، بەلکو دڤێ هەموو شیان بێنە ڕێکخستن ل تەڤ پارچەیان و بزاڤ بێن کرن کو نەتەوا کورد وەکو ئێک نەتەوەو کوردستان وەکو ئێک پارچە و ئێک ولات بدەن ناسین و داخازا بوونا دەولەتەکا کوردی بکەن.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/1/16 ژمارە (5673)
خەبات

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و هەرێم نزیکەی حەوت ملیار دۆلار دەبێت



سەرۆکی یەکێتیی ژووری‌کانی بازرگانیی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، دارا جەلیل خەیات: ژمارەی خاڵە سنووریەکان لەزیادبوونە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران لە ساڵی رابردوودا، نزیکەی حەوت ملیار دۆلار بووە و هیواداریں کە ئەم بڕە بەرەو زیادبوون بچێت.

لە میانی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی دۆزینەوەی ڕێگاکانی هاوکاری بۆ پێشخستنی پەیوەندی دوو لایەنەی ئابووری و بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف ئامادەیبوون، سەرۆکی یەکێتیی ژووری‌کانی بازرگانیی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، دارا جەلیل خەیات گوتی: شاندێکی بازرگانی ئێرانی بەشداری ئەم کۆنفرانسەن کە ژمارەیان 70 بازرگانە و هاوکات سەرۆکوەزیرانی هەرێم و وەزیری دەرەوەی ئێرانیش بەشداری کۆنفرانسەکەیان کرد و لەم کۆنفرانسەش تاوتوێی پەیوەندییە بازرگانییەکان کرا و جەنابی سەرۆکوەزیران ئاماژەی بەوەکرد کە لیژنەیەک پێکدێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کۆمپانیاکان بەتایبەت لە بواری دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی تەمەن بەرامبەر بە دۆلار و حەوالەکردنی پارە لە نێوان هەردوولا.

دارا جەلیل خەیات گوتیشی: خالە سنووریەکان لەزیادبوونە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران لە ساڵی رابردوودا، نزیکەی حەوت ملیار دۆلار بووە و هیواداریں کە ئەم بڕە بەرەو زیادبوون بچێت.

سەرۆکی یەکێتیی ژووری‌کانی بازرگانیی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژانامەوانییدا تیشکی خستەسەر قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردوولا دا و ئەوەیشی خستەڕوو کە هەرێمی کوردستان ئامادەی هەموو هاوکارییەکە بۆ پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی لە نێوان هەرێم و ئێران.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، سەرۆکی یەکێتیی ژووری‌کانی بازرگانیی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، دارا جەلیل خەیات گوتی: شاندێکی بازرگانی ئێرانی بەشداری ئەم کۆنفرانسەن کە ژمارەیان 70 بازرگانە و هاوکات سەرۆکوەزیرانی هەرێم و وەزیری دەرەوەی ئێرانیش بەشداری کۆنفرانسەکەیان کرد و لەم کۆنفرانسەش تاوتوێی پەیوەندییە بازرگانییەکان کرا و جەنابی سەرۆکوەزیران ئاماژەی بەوەکرد کە لیژنەیەک پێکدێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کۆمپانیاکان بەتایبەت لە بواری دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی تەمەن بەرامبەر بە دۆلار و حەوالەکردنی پارە لە نێوان هەردوولا.

دارا جەلیل خەیات گوتیشی: سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ پشتی هوشداری دایە140 دوکانێن بازارێ دهۆکێ و هندەک ژ وان هەر پارێ گلێشی نەدای، زێدەتر ژ 60 دوکانێن بازارێ دهۆکێ ژ ئەگەرێ نەدانا پارێ گلێشی یێ هەیڤانە داخستن و خودانێن دوکانان ژی دەست ب گازندە و مانگرتنێ دکەن و نها ل بازاری خۆپێشاندانە ل سەر ڤێ بریارێ.

حەسەن دوسکی، خودانێ ئێک ژ دوکانێن بازارێ دهۆکێ بۆ باسنیوز دیار کر کو هەیڤانە مە وەکو دوکان پێنج هزار دینار ددانە سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ وەکو پارێ گلێشی، بەڵێ ل دەستپێکا ئەڤ ساڵە باژێرڤانیێ گۆتیە مە دێ ئێدی هەیڤانە 10 هزار دیناران دەن و ئەڤە ژی بۆ مە گەلەکە و مە ژی مانگرتن ژ دانا وی پارەی کریە، لەوما بوویە ئەگەر دوکانێن مە ژلایێ سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ ڤە ل ناڤا بازاری بهێنە داخستن.

ناڤبری ئاشکرا ژی کر کو ل جیهانێ هەموویێ چو هاوولاتی پارێ گلێشی نادەن و خوە هەکە بدەن ژی هەتا نها ل هەولێرێ و سلێمانیێ هەیڤانە ب تنێ سێ هزار دینار دهێنە وەرگرتن و ل دهۆکێ ژ پێنج هزار دیناران کرنە 10 هزار دینار و نها دوکانێن قوچ سەنتەر ژی ل سەنتەرێ بازاری هەموو هاتیە داخستن.

نزار عەبدولرەحمان، خودانێ جهێ نیژان ل قۆچ سەنتەر ل بازارێ دهۆکێ بۆ باسنیوز ئاشکرا کر، ئەم هاتینە ئاگەهدارکرن کو هەیڤانە10 هزار دیناران بدەینە سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ د سەر هندێ را ئاڤاهییێ مە یێ کەرتێ تایبەتە و مە پاقژکەرەک هەیە و هەیڤانە هەر دوکانەک حەفت هزار دینارا دەتە وی پاقژکەری و هەتا نوکە مە بەرپرسێکی پارتی ڕای دەگەیەنێت، لە کۆبوونەوەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بڕیاری پێکهینانی کاراکردنەوەی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بابەتی کەرکووک دەرچونی حەشدی شەعبی لەو شارە دراوە، هەرچەندە پێشتر باسی ئەو لیژنەیە کراوە، بەڵام لیژنەکە هیچ دانیشتن و کۆبوونەوەی نەکردووە، 2019/1/14 نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بڕیاری پێکهینانی کاراکردنەوەی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بابەتی کەرکووک دەرچونی حەشدی شەعبی لەو شارە دراوە، هەرچەندە پێشتر باسی ئەو لیژنەیە کراوە، بەڵام لیژنەکە هیچ دانیشتن و کۆبوونەوەی نەکردووە، ئەمجارە دادەنیشن و گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان دەکەن.

ڕوونیشی کردەوە کە پارتی لە کۆبوونەوەکەدا بە یەکێتی ڕاگەیاندووە پێمان باشە بە یەک پاکێج ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بکرێت، هەروەها بابەتی کەرکووک و حەشدی شەعبی کۆتایی پێ بهێنرێت، دوای ئەوە زۆر ئاسانە کێ پارێزگار بێت.

راشیگەیاند کە ئەم کۆنفرانسە دەرفەتەکی باش بوو بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووریەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان هاوکات لە شاری سلێمانیش کۆنفرانسێکی دیکە ئەنجام دەدەین.

بەیانی دوێنێ سێشەممە، دوای سەردانێکی دوو ڕۆژە بۆ بەغدا، وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف گەیشتە هەولێر و لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی کۆبوونەتەوە و بڕیاریشە لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی کۆببێتەوە و دواتر سەردانی شاری سلێمانی بکات.



سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ زێدەتر ژ 30 دوکانێن بازاری دهۆکێ داخستن



سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ پشتی هوشداری دایە140 دوکانێن بازارێ دهۆکێ و هندەک ژ وان هەر پارێ گلێشی نەدای، زێدەتر ژ 60 دوکانێن بازارێ دهۆکێ ژ ئەگەرێ نەدانا پارێ گلێشی یێ هەیڤانە داخستن و خودانێن دوکانان ژی دەست ب گازندە و مانگرتنێ دکەن و نها ل بازاری خۆپێشاندانە ل سەر ڤێ بریارێ.

حەسەن دوسکی، خودانێ ئێک ژ دوکانێن بازارێ دهۆکێ بۆ باسنیوز دیار کر کو هەیڤانە مە وەکو دوکان پێنج هزار دینار ددانە سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ وەکو پارێ گلێشی نادەن و خوە هەکە بدەن ژی هەتا نها ل هەولێرێ و سلێمانیێ هەیڤانە ب تنێ سێ هزار دینار دهێنە وەرگرتن و ل دهۆکێ ژ پێنج هزار دیناران کرنە 10 هزار دینار و نها دوکانێن قوچ سەنتەر ژی ل سەنتەرێ بازاری هەموو هاتیە داخستن.

نزار عەبدولرەحمان، خودانێ جهێ نیژان ل قۆچ سەنتەر ل بازارێ دهۆکێ بۆ باسنیوز ئاشکرا کر، ئەم هاتینە ئاگەهدارکرن کو هەیڤانە10 هزار دیناران بدەینە سەرۆکاتیا باژێرڤانیا دهۆکێ د سەر هندێ را ئاڤاهییێ مە یێ کەرتێ تایبەتە و مە پاقژکەرەک هەیە و هەیڤانە هەر دوکانەک حەفت هزار دینارا دەتە وی پاقژکەری و هەتا نوکە مە بەرپرسێکی پارتی ڕای دەگەیەنێت، لە کۆبوونەوەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بڕیاری پێکهینانی کاراکردنەوەی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بابەتی کەرکووک دەرچونی حەشدی شەعبی لەو شارە دراوە، هەرچەندە پێشتر باسی ئەو لیژنەیە کراوە، بەڵام لیژنەکە هیچ دانیشتن و کۆبوونەوەی نەکردووە، ئەمجارە دادەنیشن و گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان دەکەن.

ڕوونیشی کردەوە کە پارتی لە کۆبوونەوەکەدا بە یەکێتی ڕاگەیاندووە پێمان باشە بە یەک پاکێج ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بکرێت، هەروەها بابەتی کەرکووک و حەشدی شەعبی کۆتایی پێ بهێنرێت، دوای ئەوە زۆر ئاسانە کێ پارێزگار بێت.

پۆلیسی هەولێر: دزی مارکێتەکان دەستگیرکران



ڕووداو: پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی دوو کەسی ڕاگەیاند، کە لە چەند مارکێتێکی شاری هەولێر دزیی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە و تاشکرابوونیشیان لە ڕێگەی کامیرای چاودێرییەوە بووە. دابان محەممەد کەریم، ڕێپێدراوی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەڵات لە شاری هەولێر ڕایگەیاند، دوای ئەوەی خاوەنی چەندین مارکێت سکاڵایان تۆمارکردوە لەسەر ئەوەی دزیان لێکراوە و دوای کۆکردنەوەی زانیاری ورد، لە ڕێگەی کامێرەی چاودێرییەوە توانیویانە ناسنامەی دوو تۆمەتبار ئاشکرابکەن و لە بۆسەیەکدا دەستگیریان بکەن و دەشڵێت: ئەو دوو کەسە تەمەنیان 29 ساڵ و 32 ساڵ بووە و 13 جۆر دزییان لە چەند مارکێتێکی هەولێر ئەنجامداوە. ڕێپێدراوی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژهەڵات لە شاری هەولێر، باسی لەوەش کرد، دزییەکانی ئەو دوو کەسە بە نزیکەی 30 هەزار دۆلاری ئەمریکی دەخەمڵێنن. ئێستا ئەو دوو کەسە بەبڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 443 لە یاسای سزادانی عێراقی بەندکراوون.

وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاماری بڕوانامەی ساختەی توانستی زمانی ئینگلیزی باڵاو دەکاتەوە

وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی ڕایدەگەیەنێت بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتەکەمان دوای ئەنجامدانی ڕاستی و دروستی تایبەت بە بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی دەرکەوتووە تا ئێستا 106 بڕوانامەی ساختە تەزویر پێشکەشکراون و، ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕییان بەرامبەر گیراوەتەبەر.

دوای دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە 1ی ساڵی 2016ی تایبەت بە وەرگرتنی نازناوی زانستی و ڕێنماییەکانی ژمارە 4 و 5ی ساڵی 2016ی تایبەت بە خوێندنی باڵا/ ماستەرو دکتۆرا، کە تیایدا مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی نێودەوڵەتی IELTS و TOEFL و PTE وەک مەرجی پێش دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی ماستەر و دکتۆرا و وەرگرتنی نازناوی زانستی داندرا، ژمارەیەکی بەرچاو لە کاندیدان و قوتابیان و خوێندکاران و خوازیارانی وەرگرتنی نازناوی زانستی بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی نێودەوڵەتی وەک IELTS و TOEFL و PTEپێشکەش بە وەزارەت و زانکۆکان کردبوو بە مەبەستی دەستپێکردن بە خوێندنی ئەکادیمی و، وەرگرتنی نازناوی زانستی.

لەو چوارچێوەیەدا و، دوای ئەنجامدانی ڕاست و دروستی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەو بڕوانامانەی پێشکەشی بە وەزارەت و زانکۆکان کرابوون، دەرکەوت ژمارەیەک لە بڕوانامەکان ساختەو تەزوین.

بۆ ئەوەش بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتەکەمان بڕوانامە ساختە تەزویرکان بریتییە لە 106 بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی، کە بەم شێوەیەیە: لە زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر 26بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی سلێمانی 48بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆ هەڵەبجە 12 بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی گەرمیان 5 بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی دهۆک 4 بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی زاخۆ 3بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی هەولێری پزیشکی 2 بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک 2بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی کۆیە 1بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی سۆران 1بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر 1 بڕوانامەی ساختە و، لە زانکۆی ڕاپەڕین 1 بڕوانامەی ساختە تەزویر پێشکەشکراون.

لە ئێستاشدا فەرمانی زانکۆیی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا و وەرگرتنی نازناوی زانستی ناوبراوان هەڵوەشاوەتەوە و ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕی بەرامبەریان گیراوەتەبەر و بەرپرسیاریەتی یاساییان کەوتۆتە ئەستۆ.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی سوپاسی سەرجەم زانکۆکانی کوردستان دەکات بۆ هاوکارییەکانی وەزارەت لەم پرۆسە گرنگەدا، هەروەک هانی کاندیدانی ماستەرو دکتۆرا و خوازیارانی نازناوی زانستیش دەدات، خۆیان بەدور بگرن لە بەدەستهێنانی بڕوانامە ساختە، چونکە وەزارەت و زانکۆکان بەردەوامن لەڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە بۆ پێداچوونەوە و ئەنجامدانی ڕاستی و دروستی صحە صدور بۆ سەرجەم ئەو بڕوانامانەی پێشکەش کراون و، ئەوانەشی لە داهاتودا پێشکەش دەکرێن.

لە کۆتایشدا وەزارەتەکەمان داوا لە سەرجەم خەمخۆرانی بواری ئەکادیمی لە کوردستان دەکات لە کاتی هەبونی هەر زانیاریەک لەبارەی بڕوانامەی ساختەی زمان یان هەر بڕوانامە و، بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە خوێندنی باڵا-ی کوردستان کە جێگەی گومان بێت، ئاگاداری وەزارەت و زانکۆکان بکەن بەمەبەستی بەدواداچون، هەروەها داواش لە دەسەڵاتی دادوەری و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکات هاوکارو هەمانگ بن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دروستکردنی ئەم بڕوانامە ساختە و تەزویرانە.

ئەو پیاوەی دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر منداڵەکەی گەرمیان بە 10ساڵ سزادرا



بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گەرمیان ڕایگەیاند ئەو پیاوەی لە شارۆچکەی ڕزگاری لە سنووری گەرمیان دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ و حەوت مانگ، بە 10 ساڵ زیندانی سزادرا.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان ڕۆژی 2019/1/14 سزای 10 ساڵ زیندانی بەسەر محەممەد عەباس زەین عابیدەین بە ڕەگەز عەرەبدا سەپاند بەهۆی ئەوەی دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر منداڵێکی کوردی تەمەن دوو ساڵ و حەوت مانگ، سزاکەشی بەپێی ماددەی 393یە لە یاسای سزادانی عێراقی.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو: بۆ بەسەربردنی ماوەی سزاکەی، محەممەد ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کراوە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/16 ژمارە (5673)
خەبات

بەرپرسێ لقێ ئێکێ سەرا مالا پێشمەرگێ هەردوو شورەشێن ئیلون وگولانێ مستەفا حسێن محمد باپیر ئامێدی دا



ژ بو لێپرسینا رەوشا ساخلەمی و تەندروستیا پێشمەرگێ هەردوو شورەشێن ئیلون وگولانێ مستەفا حسێن محمد باپیر ئامێدی، سەربەست تروانشی بەرپرسێن لقێ ئێک و چەند بەرپرسێن ئیداری و حزبی مالا دانعەمرا ل سەنتەرێ دهوکێ هاتە ڤەکرن.

دڕێ و رسمێن ڤەکرنا مالا دانعەمران دا د.عارف حیتو نوینەرێ وەزارەتا کارو کاروبارێن کومەلایەتی سوپاسیا وان هەموو کەس و لایەنان کر کو بوینە هاریکار سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێکێ سەرا مالا وان دا و ژ نێزیک هایداری رەوشا وی بو ئەڤە و درینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ گوت هین ئەون هوین و ئەوێن وەک هەوە سالێن دیر و دڕێژی د چەپەرێن بەرخودانێ دا بوینە ژ بو پاراستنا کەرامەتا مروڤێ کوردستانێ و ڤێ ئاخا پیروز و ئەڤروژی ئەم سەربلندین بوێ کەدا هەوە و دیسان بەرپرسێ لقێ ئامادەبونا خو ژی بو هەر پێدڤی و هاریکاریەکێ بو وانا دیار کر.

سەندیکای پزیشکانی ددان داوای دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژی ددان دەکات

خەبات- عەلی بانیشاری: بڕیارە ئەمڕۆ سەندیکای پزیشکانی ددان بەمەبەستی دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژی ددان لەگەڵ وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێم کۆببنەوە، هەر دوێنیش نەقیبی سەندیکا و ئەندامانی دەستەی بالای سەندیکا سەردانی بۆ هەمان مەبەست سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد.

پ.ی.د.عوسمان ئەبوبەکر، نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانی کوردستان بە خەباتی گوت: دەرچووانی کۆلیژنەی پزیشکی ددان بۆ ساڵەکانی (2015-2016، 2016 -2017، 2017 -2018) تائێستا دانەمەزراون. گوتیشی: پێشتر چەند جارێک داوای دامەزراندنی ئەو دەرچوانەمان کردووە.

ناوبراو دەشڵێت: پزیشکی ددان لە نەخۆشخانەکانی کوردستان وەکو پێویست نییە و ناکرێت دەرچووان بەو شێوەیە بمێننەوە. نەقیبی سەندیکای پزیشکانی ددانی کوردستان ئەوەشی گوت: یەکەم کاری سەندیکا لەم ساڵدا هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی دەچووانی کۆلیژی پزیشکی ددان. د.عوسمان ئەبوبەکر داواشیکرد حکوومەتی هەرێم ئاوڕێک لە دەرچووانی ئەو کۆلیژە بداتەوە و چی دیکە پزیشکانی ددان چاوەڕوانی دامەزراندن نەکەن. بەپێی ئاماری سەندیکای پزیشکانی ددان نزیکەی هەزار دەرچووی کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ئیشک تائێستا دانەمەزراون.

ماڵا دانعەمرا ل باژێرێ دهوکێ هاتە ڤەکرن و 10 دانعەمر دێ ژیان خو لێ دەرباز کەن

خەبات دهوک: دوهی سپێدێ 2019/1/15 ب ئامادەبونا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەری وسەربەست تروانشی بەرپرسێ لقێ ئێک و چەند بەرپرسێن ئیداری و حزبی مالا دانعەمرا ل سەنتەرێ دهوکێ هاتە ڤەکرن.

دڕێ و رسمێن ڤەکرنا مالا دانعەمران دا د.عارف حیتو نوینەرێ وەزارەتا کارو کاروبارێن کومەلایەتی سوپاسیا وان هەموو کەس و لایەنان کر کو بوینە هاریکار پارێزگەهێ سوپاسیا کومپانیا کار وهەموولایەنان کر بێن مالا دانعەمرا ب سەروبەرکری بو چاڤدێریکرنا دانعەمرا وهیڤی خاستن کو بو نوژەنکرن و دابینکرنا پێدڤیێن خزمەتکاری بێن ئاڤاهیێ چاڤدێریکرنا دانعەمرا و ئاماژە دا بەرنامێن وەزارەتێ بو باشکرنا رەوشا دانعەمرا و دیارکر کو دەزگەهێ رونـاهی لبەرە ئاڤاهییەکێ مەزن بو دانعەمرا ل دهوکێ ئاڤاکەت وخواست کومپانی و دەولەمەندێن کوردستانێ ڤان جورە پروژێن جڤاکی ئاڤاکەن.

پاش جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ بناڤێ کارگێرا دەولەمەند وکومپانی چاڤ ل کومپانیا کار گروپ بکەن وهاریکاریا ڤان پروژێن جڤاکی بکەن.

هەژی گوتنێ یە کومپانیا کار گروپ مالا دانعەمرا ل دهوکێ نوژەنکریە وهەموو پێدڤیێن خزمەتکرنێ بو ئاڤاهی دابینکرینە وبو ماوێ دوو سالا دێ بەردەوام پشتەڤانیا مالا دانعەمرا کەت وهەر ئەڤرو دەھ دانعەمرێن پارێزگەها دهوکێ ژهەولێرێ بو مالا دانعەمرا ل دهوکێ هاتنە ڤەگوهاستن کو ژیانا خو ل مالا نوو دەربازکەن ئاڤاهی شیان هەنە هەتا 28 دانعەمرا ژهەردوو رەگەزان ب حەوینیت.



13 تەن شەکری ووردی کریستاڵ لە پشکنینی تاقیگە دەرنەچوو و گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران

لەراگەیاندراوێکدا کەوێنەیەک دەست مالپەری کوردستان تیڤی کەوتووە ، ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران ڕایەدگەێنێت ، ڕێکەوتی2019/1/14 هەڵسایین بە گەڕانەوەی یەک بار هەڵگر کەبارەکەی بریتی بوو لە شەکری ووردی کریستال بە بڕی 13 تەن و 20 کیلۆگرام بم لە لایەن لێژنەی پشکنین هۆیەی وەرگرتنی نمونەی خۆراک پشکنینی بۆ کرا بەڵام لە پشکنینی تاقیگە دەرنەچوو.

راشیدەگەینن ، شەکرەکە بە پێی ستاندارەی عێراقی نیە ، بۆیە لە لایەن لێژنەی هاوبەشی کۆمەڵگا گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران.



وەزارەتی تەندروستی لەسەر دەنگۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی مەترسیدار ڕاگەیەندراوێک بڵاودەکاتەوە

لەراگەیاندراوێکدا کەوێنەیەک دەست مالپەری کوردستان تیڤی کەوتووە ، خالس قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دوێنێ سێشەمە 15ی 1ی2019 سەبارەت بەدەنگۆی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکی مەترسیدار لە کافتریاکانی کوردستان رایگەیاند: ماوەی چەند ڕۆژێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵێک بەناوی وەزارەتی تەندروستی بڵاوبۆتەوە کە گوایە نەخۆشییەکی مەترسیدار لە کافتریاکانی هەرێم هەیە ، ئەم هەواڵە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە و هیچ نەخۆشییەکی کوشندە و مەترسیدار لەڕێگەی کێشانی نێرگەلەوە بڵاو نەبۆتەوە. ڕاشیدەگەینێت ، کێشانی جگەرە و نیرگەڵە کۆمەڵێک نەخۆشی وەک نەخۆشییەکانی دڵ، شێرپەنجە و نەزۆکی و برینەوەی قاچەکانی لێدەکەوێتەوە.

لە شارەدێی کەلەکچی 9 کەسایەتی کاریگەر ڕێزیان لێگیرا و خەڵات کران

خەبات-ئالان شەهاب: سەفەر ئافریقی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی مەقلوبی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەو نۆ کەسایەتییە لە ماوەی ساڵەکانی ڕابردوو خزمەتی کۆمەڵگایان کردووە لە هەموو بوارەکاندا، ئەو نۆ کەسایەتییە لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیری و وەرزش و پزیشکی و بوارەکانی دیکە خزمەتیان کردووە، بۆیە ڕێکخراوی bofd بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی ناوچەی مەقلوبی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لەم نۆ کەسایەتییە گرت و ئەمە یەکەمین جارە مەراسیمێکی وا ساز بکرێت لە سنوری شێخان و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش کە کەسایەتی کاریگەر ڕێزیان لێ بگیرێت.

ئاگاداریەک لەسەر ڕێگای هەولێر- شەقلاوە ئاراستەی شۆفێران دەکرێت



لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٨٩-٢٩٨) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ قادر سعید محمود
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هوشیار قرەنی محمد علی) بۆ بازرگانی گشت و کەل و پەلی کارەبایی/تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگاری هەولێر)
پاکتاوکار/ عبدالخالق اسماعیل عبدالقادر
ناونیشان/ هەولێر- ژووری پاریزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٣٢٢٠٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٥٤
رێکەوت: ٢٠١٩/١/١٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TIME SQUARE) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١/١٤
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (B.E.P.P/ بۆ بازرگانی بەرووبوومی پەتاتە/ سنوردار) بڕیاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (B.E.P.P) بۆ کۆمپانیای (بیروت/ اربیل) بۆیە هەر کەسێك نارازیە یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە شاری هەولێر – شەقامی ٣٠ مەتری بەرامبەر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ یەك لایکردنەوەی کێشەکان.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دەنگۆکە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی کوشندەیە لەنێو کافتریاکاندا کە بەهۆی کێشانی نێرگەلەیە

وەزارەتی تەندروستی دەنگۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی کوشندە ڕەتدەکاتەوە

کێشانی نێرگەلە بە شێوەیەکی بەردەوام، زیانەکانی زۆر لە جگەرەی ئاسایی زیاترە

خەبات - بڕیار کۆیی

چەند ڕۆژێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتدا ڕوونکردنەوە و زانیارییەک بەناوی وەزارەتی تەندروستییەوە بڵاوبووەتەوە کە بووەتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لای بەشێک لە هاوواڵاتیان بەتایبەتی ئەوانەی کە نێرگەلە دەکێشن یاخود سەردانی کافتریاکان دەکەن، دەنگۆکەش سەبارەت بە ئەوەیە گوایە بەهۆی نێرگەلەکێشان لە کافتریاکان نەخۆشییەکی کوشندە و مەترسیدار لە چەند ولاتێک بڵاوبووەتەوە و هەرێمی کوردستانیش ئەو مەترسییەی لەسەرە، بەڵام گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە.



بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆ و زانیارییە لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت باس و خواسی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و لێکدانەوەی جیاوازی لەلایەن هاوواڵاتیانەوە بۆ دەکرێت، بەڵێم سەبارەت بە ڕاستی و دروستی دەنگۆ و زانیارییەکە کە بەناوی وەزارەتی تەندروستییەوە بڵاوبووەتەوە، د. خالس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لاپەڕەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسینێکی سەبارەت بە ناڕاستیی ئەو دەنگۆیەوە بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی"لەتۆڕە کۆمەڵێیەتییەکان هەواڵێکی ناڕاست بەناوی وەزارەتی تەندروستی بڵاوکراوەتەوە دەربارەی نەخۆشیەکی کوشندەی نەناسراو (گوایە) لەڕێی کێشانی نەرگیلە لە کافێکان ڕوودەدات".

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕاشیگەیاندووە: "لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەمیشە داوا دەکەین هەموواں دوورین لە کێشانی جگەرە و نەرگیلە چونکە هۆکاری سەرەکی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە و جەڵتەکانی دڵ و مێشک و برینەوەی قاچەکان ونەزۆکی و مردنی پێشوەختە بەڵام ئەو هەواڵەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دووڕە لە ڕاستی و هۆشداری وا لە وەزارەتی تەندروستی نەدراوە و جۆرە نەخۆشیەکی لەو شێوەیەش نییە".

لەدوایین ئەو توێژینەوانەی کە سەبارەت بە زیانەکانی نێرگەلە بۆ ئەو کەسەی کە دەیکێشێت یان دوکەڵەکەی بۆ دەچێت تووێژەران لە زانکۆی لۆس ئەنجێلسی ئەمەریکا، لە توێژینەوەیەکی نوێدا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە کێشانی نێرگەلە مەترسیەکی زیاتر لە جگەرەی ئاسایی لەسەر دڵ و کۆئەندامی دەمار دروست دەکات.

توێژینەوەکە بەراوردکارییە و لە گۆڤارێکی ئەمەریکی تایبەت بە دڵ بە ناوی **"American Journal of Cardiology"** بڵێوکراوەتەوە، کە تێیدا باس لەوە دەکات، کێشانی یەک نێرگەلە، لێدانی دڵ لە خوولەکێکدا، **16**ی جار خێراتر دەکات و گوشاری خوێنیش بەرزدەکاتەوە و زێدەڕۆییکردن و ئالوودەبوون بە کێشانی نێرگەلەش، دەبێتە هۆی تەسکبوونەوەی دەمارەکان و خوێنبەر و خوێنهێنەر، لەگەڵ تووشبوون لە نەخۆشییەکانی دڵ.

پسپۆڕان لە توێژینەوە نوێیەکەدا، **48**خۆشبەخشیان وەک نموونە وەرگرتووە، کە تەمەنیان لەنێوان **18**بۆ **34** ساڵێدا بوو، هەر یەکێکیشیان بۆ توێژینەوەکە ماوەی نیو کاتژمێر نێرگەلەیان کێشاوە ، توێژەران بەر لە کێشانی نێرگەلە و دوای کێشانی، سەرنجی تڕپە و لێدانی دڵی ئەو کەسانەیان داوە، لەگەڵ ئاستی نیکۆتین لە ناو خوێندا.

ئەو توێژەرانە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کێشانەی نێرگەلە بە شێوەیەکی بەردەوام، زیانەکانی زۆر لە جگەرەی ئاسایی زیاترە، وەک ئەو توێژەرانە ئاماژەیان بۆ کردووە، ئەو قسەی باوەی پێشتر دەگوترا کە کێشانی نێرگەلە تەندروستترە لە جگەرە، بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە ، شارەزایان پێیانوایە، ئەو تووتنەی بۆ نێرگەلە بەکاردەهێنرێت، هەندێک مەوادی کیمیایی دروستکراوی تێدا بەکاردێت و زیانەکانی بۆ جەستەی مرۆڤ زۆر زیاترە، بەکارهێنانی ئەو ماددە کیمیاییانەش زۆر لەمێژە لە دروستکردنی تووتنی جگەرەدا قەدەغە کراوە.

ژمارەیەکی زۆر لە تووێژەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە کێشانی تەنها یەک نێرگەلە وەک ئەوە وایە ئەو کەسە **150**جگەرەی کێشابێت ،ئەو ژووانەی نێرگەلەی تیادا دەکێشرێت ئەوە بڕێکی زۆر لە گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنیان تیادا کۆدەبێتەوە لەگەڵ کاربۆنی ڕەش و ئەو وردیلانەی کە زیان بە سییەکان دەگەیەنن و دەچنە ناو خوێنەوە.









پەرستگای ئاگر.. ڕۆڵی لە ڕێڕەوی مێژووی دێرینەندا

و. کەمال نوری مەعروف

واژەی پەهلەوی کۆن بۆ پەرستگای ئاگر، واتە (ئاتەشکەدە)، پێکهاتووە لە، ئاتەش، کە ئاگرەو سەرچاوەی ستایش و ڕێزلێنان بووەو لە (کەدە) کە ئامرازی شوێنەو ماناکەی دەیگرێتەوە، یان خانووە. بەوپێیە (ئاتەشکەدە) بەمانای خانووی ئاگر دێت. ئاتەشکاو، ئاتەشخانەش زاراوەیەکی ناوخۆییە.

لای زەردەشتییەکان (ئاتەش) ئاگری پیرۆزەو پارێزگارییان لێکردوە. لەزمانی ئاوێستاشدا مانای ڕەسەنی واژەکەی بەشوێنی ئاگر دەوترێت.

زەردەشتییەکانی ئێران و پارتییەکانی هیندیش لایان، پەرستگای ئاگر بەمانای (ئازەربان)، واتە (شوێنی ئاگر) هاتووە کە لە "میهر"یشدا بەهەمان ناو هاتووە. لەزمانی (دەری) و بەدرێژایی میژووش، واژەی (ئازەرکەدە)، هەر بەشوێنی ئاگر وتراوە. ئاتەشکا ، بۆ، (پەرستگای ئاگر) و گومەزی ئاگرو شوێنی ئاگرەکەش بۆ هەیکەلی زەردەشت بەکارهێنراوە.

زەردەشت لەسەفەرەکانیدا شوێنی ئاگری دروست کردووەو پاراستوونی.

بەشێوەیەکی وردترو بەوتەی گۆشتاسپ کە بەئەسفەندیاری وتووەو لەشانامەدا هاتووە، دوای سەرکەوتنی بەسەر (ئارجاسپ) خودی گوشتاسپ ژمارەیەک لەو پەرستگایانەی ئاگری لەکێسەی خۆی دروستکردوون و بۆ باوەڕداران نەزری کردوون، کە لەناویاندا لەرێوڕەسمی ئاینی دا کۆبوونەتەوە.

دەوڵەمەندە قورسەکانیش بەشێک، لەخەزنەکانی خۆیان لەژمارەیەک لەو پەرستگایانەی تری ئاگردا خەرج کردووە.

وەکو دەڵێن، ئەسکەندەر زۆرێک لەو پەرستگایانەی ئاگری بەتاوان زانیوە، چونکە خەزنەی ولێتی چۆڵکردووە، بۆیە وێرانیکردوون، ئەوەی لەوانەش ماونەتەوە تەنیا لەشوێنە دوور دەستەکان لەکەنارو ڕۆخە شاراوەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

لەئێراندا چەندین پەرستگای ئاگر دروستکراون کە لەناویاندا لەوانە (3) یان ، هەریەکێکیان بەچینێک مرۆڤی تایبەت سپێردراون، وەکو : (ئاتە شکەدە)ی ئازەر گوشتاسپ و ئازەر فەرەنبەغ و ئازەر بەرزین مەهر، کە لەسەر هەرە گرنگەکەیان دەدوێین بەناوی ئاتەشکەدەی ئازەرگوشتاسپ: ئەو پەرستگای ئاگرە، لەپەهلەویدا ناوی "ئاتور گوشنەسپ"ەو لەپەرتوکە فارسییەکان و عەرەبییەکانیشدا بەشێوەی جیاجیا ناوی هاتووە، شوێنی پەرستگای ئەم ئاگرە، بەپێی وەسفکردنەکەی کەیخوسرەو وەکو بزانین لە (شیزی ئازەربایجان)ەو، بەڵێم نووسەرانی پارسی لەڕێر کاریگەری نیزامی گەنجەوی، دروستکردنەکەی دەدەنە پاڵ گوشتاسپ و شوێنەکەی بۆ (بەڵخ) هەروەکو ئاماژەیان داوە دەبەنەوە، بەڵێم ئەمەیان لەڕاستییەوە دوورە. ئەوەش وایکردووە کە زانیاری جیاجیا لەسەر شوێنی دروستکردنی پەرستگاکە هەبێت کە تەواو نازانرێت لەکوێ بووە.

لە (بەندەهشن)دا، شوێنەکەی لەشاخی (ئاسنەواند)ە لەئاترۆپاتکان. وەکو زانراوە، ئەو کێوە هەمان شاخی (سەهەند)ە، کە دەکەوێتە خۆرهەڵێتی دەریاچەی ورمێ. هەروەها نووسراوە کە (شیز) شارێکە دەکەوێتە نێوان (مەراغە) و (زنجان)، ئاتەشکە گەورەکەش کەناوی (ئازەرجشنسف)ە لەوێیە. زەردەشت خۆشی هەر لەوێوە چووە بۆ کێوی (سبلان) و ئاوێستای تێدا نووسیوەتەوە. گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن لەم پەرستگای ئاگرەدا زانیومانە زەردەشت پایەی بڵندی گەورەی لەوێدا دەسکەوتووە. ئەم پەرستگای ئاگرە تایبەت بووە بەسوپاو شازادەکان.

ئەسکەندەر زۆرێک لەو پەرستگایانەی ئاگری بەتاوان زانیوە، چونکە خەزنەی ولاتی چۆلکردووە، بۆیە وێرانیکردوون، ئەوەی لەوانەش ماونەتەوە تەنیا لەشوێنە دوور دەستەکان لەکەنارو ڕۆخە شاراوەکاندا بلاوبوونەتەوە

پاشاکان دوای تاج لەسەرنانیان لەمەڵایینەوە چوون زیارەتی ئەو شوێنەیان کردووەو دیاری زۆریان بۆ بردووە. بارام گور لەگەڵ سەران وگەورەکاندا، بەر لەڕۆشتنی بۆ مەیدانی جەنگ، لەگەڵ هەندێک لەوانەی نازناوی پاشایەتییان بووە دییەنی ئەم پەرستگای ئاگرەی بەوتەی فیردەوسی بەخێرایی کردووە. دوای سەرکەوتنیشی سەرلەنوێ بارام چووەتەوە بۆ (ئازەرگوشەسپ)، ئەو ماڵ و تالێنییەی کە لەگەڵ خۆی هێناویەتی بەلەشکرەکەی بەخشیوە، وەکو دیاریەکیش لێی پێشکەش بەپەرستگای ئاگرەکە کردووە، بۆئەوەی ئەو سامانەی لە (شیز) کۆدەبێتەوە ناوی خەزێنەی لێبنێن.

ئەم پەرستگای ئاگرە سالی 624ی زاینی دوای شکستی ئێران لەبەردەم هەرقلی ئیمپراتۆری ڕۆم، وێران بووەو خەزنەو سەرچاوەی سەرمایەکەشی، لەئەنجامی هێرشی ڕۆمەکاندا بەتالێن براوە.

ئاگری (ئازەر گوشەسپ) بەپێی (بەندەهشن) یەکێک بووە لەو (3) پشکۆ ئاگرە بەهەشتییە کە لەئازەربایجان دا دانراوە، تاوەکو یارمەتی بەجیهان بدات.

بەشێک لەنووسەرانیش، لایان وایە (ئازەر گوشەسپ) ناوی فریشتەی نوێنەری ئاگرەو وەکو زانراوە پێوەی پایەدارو پەیوەست بووە.

سەرچاوە:
دکتر محمد جعفر یاحقی/ فرهنگ ڵساگیرو داستان وارەها در ادبیات فارسی/چاپ چهارم /1391 لا .20-16

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/1/16 ژمارە (5673)
خەبات

مامۆگرافی چییە و لە چ تەمەنێکەوە پێویستە ئافرەتان ئەنجامی بدەن؟



و/ ژیلا کەریمی

مامۆگرافی لە دەسنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک رۆڵێکی کاریگەری هەیە. جۆرێکە لە هەڵگرتنی وێنە بە تیشک کە بە تایبەت لە دەسنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک زۆر سوودی لێوەردەگردرێت. لە راستیدا مامۆگرافی وێنەیەکی رادیۆگرافی ساکارە لە مەمک و ئامێرێکە بۆ دۆزینەوەی پێشوەختەی شێرپەنجە شاراوەکان و لەو ڕێگەیەوە دەکرێت شێرپەنجەی مەمک دە ساڵ بەر لەوەی هەستی پێبکرێت دەسنیشان بکات. تەواوی ئافرەتانی سەرووی چل ساڵ دەبێت هەر دوو ساڵ جارێک ئەو پشکنینە ئەنجام بدەن.

ئەوانەی کەسێکی نزیکیان وەک دایک یان خوشک تووشی ئەو نەخۆشییە بوون دەبێت ئەو پشکنینە لە 35 ساڵییەوە ئەنجام بدەن. باشترین کاتی ئەنجامدانی ئەو پشکنینە هەوتووی یەکەمی سووڕی مانگانەیە، چونکە لەو کاتەدا مەمک زۆر هەستیار نییە. بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی تیشکی باش پێویستە زەخت لە مەمک بکرێت کە ئەگەری هەیە ژانی هەبێت.

بەر لە مامۆگرافی دوش بگرن و پۆدرە و بۆنی ژێر باخەڵ بەکارمەهێنن، چونکە ئەو مادانە دەتوانن هەڵە بخەنە پشکنینەکە و ئەنجامی دروست بەدەست نەیات. هەڵبەت مامۆگرافی نابێت لە بڕی پشکنینی پزیشکی پسپۆڕ ئەنجام بدرێت.

مامۆگرافی بە شێوازی ئەمڕێی یەکەمجار لە کۆتایی دەیەی 1950لە سەنتەری شێرپەنجەی "ئێم دی ئەندرسۆن"ی زانکۆی تەگزاس لە لایەن "باب ئیگن" داهێنرا. ئەو پشکنینە بەکار دێت بۆ ئافرەتانی سەرووی چل ساڵ بە مەبەستی دەسنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک و هەڵسەنگاندنی هەر پێکهاتەیەکی نامۆ لە مەمکدا، بەدواداچوون بۆ ئەو کەسانەی چارەسەرییان بۆکراوە یان بەشێک لە مەمکیان هەڵگیراوە و رادیۆتراپی، بەدواداچوون بۆ مەمکەکەی تری ئەو کەسانەی کە مەمکیان بە هۆی شێرپەنجەوە بڕاوەتەوە، بە گشتی ئامانجی سەرەکی مامۆگرافی دەسنیشانکردنی پێشوەختەی شێرپەنجەی مەمکە.

بە هۆی هاتنەخوارەوەی تەمەنی تووشبوان و تەشەنە سەندنی ئەو جۆرە شێرپەنجەیە پێویستە هەموو ئافرەتان زانیاری پێویستیان لەسەر ئەو نەخۆشییە هەبێت و پاش تەمەنی 35ساڵی بە تایبەت ئەوانەی لە نێو خزمان کەسی تووشبویان هەیە پێویستە بەدەوام ساڵانە ئەو پشکنینە بکەن. مامۆگرافی دەتوانێت شێرپەنجەی مەمک چەند ساڵ بەر لەوەی بتوانرێت دەسنیشان بکرێت دەربخات. ئێستاکە لە زۆر وڵاتان مامۆگرافی بۆ دەسنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک بۆ تەواوی ئافرەتانی تەندروستیش ئەنجام دەدرێت و پزیشکان هەوڵدەدەن کە لەو ڕێگەیەوە بتوانن ئاماژێکی دروست لە رادەی تووشبووان و تەمەنی تووشبوون و رادەی تەشەنە سەندنی بخەنە دەست تا بتوانن لە قۆناغی سەرەتایی و پێشوەختە نەخۆشییەکە بدۆزنەوە و چارەسەری بکەن.



بەر لە جیابوونەوە ئەو هەشت پرسیارە لە خۆتان بپرسن

و/ لاپەڕەی ئافرەت

ملمالانی و هەڵچوون لە گفتگۆ و ئاکارەکانی هاوسەرتان بووەتە هۆکار تا بڕیاری جیابوونەوە بدەن و ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن. بەر لە واژووکردن لە سەر ڕێکەوتنی جیابوونەوە ئەو هەشت پرسیارەی کە لە مالپەڕی medisite بلاوبووەتەوە لە خۆتان بپرسن و هەوڵ بدەن ڕاشکاوانە وەڵام بدەنەوە. لە یاد مەکەن هەر جیابوونەوەیەک کۆمەڵێک کاریگەری سلبی هەیە کە شاراوە نین.

1- بۆ جیا دەبمەوە؟

- بڕیاردان بۆ جیابوونەوە بە گشتی بێ هۆکار نییە و لە سستی پەیوەندی نێوان هاوسەران سەرچاوە دەگرێت. لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا شی بکەنەوە و ڕێچارەیەک بدۆزنەوە. لە بارودۆخێکدا کە ناتوانن پەیوەندییەکی تەندروست ببەستن دەتوانن یارمەتی لە ڕاوێژکارێک یان ڕەوانناسێک وەربگرن بۆ چارەسەر کردنی بابەتەکە.

2- ئایا تا ئێستاش دەتوانم قسە لەگەڵ هاوسەرم بکەم و گوێ بۆ قسەکانی ڕابگرم؟

- زۆربەی ئەو هاوسەرانەی کە بڕیاری جیابوونەوەیان داوە ئەو کەسانەن کە هیچ مەیلیان بۆ بیستنی قسەی بەرامبەر نییە و بە عینادی و پێداگرییەوە تەنیا قسەی خۆیان دووپات دەکەنەوە و لە بیستنی ڕوانگەی لایەنی بەرامبەر خۆدەدزنەوە و هەوڵ بۆ لێکتێگەیشتن نادەن. هەوڵ بدەن لە پەیوەندییەکی وەها قوڵدا تۆزێک بە مەنتقەوە هەڵسوکەوت بکەن. بە سڕە قسە بکەن و بە دانانی خۆتان لە بڕی کەسی بەرامبەر هەوڵی تێگەیشتنی لایەنی بەرامبەر بدەن.

3- ئایا لە ژیانی هاوبەشمدا بەختەوەرم؟

- هەموو تاکێکی زکورتی ژیانی بە پێی بارودۆخی کار و تایبەتمەندی ژیانی خۆی دادەڕێژێت، بەڵام لەگەڵ هاوسەرگیری بۆ گەیشتن بە بەختەوەری ژیانی هاوبەش هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە. ئەو هاوسەرانەی کە وا هەست دەکەن لە ژیانی تاکە کەسی و سەردەمی زکورتی بوون لەو بەختەوەرتر بوون لەو کاتەی ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە زۆر بیرمەندایە کە بیر لە جیابوونەوە بکەنەوە.

4- ئایا عاشقی هاوسەرکەمم؟

- خۆشەویستی لەگەڵ هەستی سێکسی تێکەڵ مەکەن. ئەگەر هەستی سێکسی نەمابێت لە نێوان هاوسەراندا ئەوا ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە عاشقی هاوسەرەکەت نیت. هەندێک جار هۆکاری ئەم جۆرە هەستە دەگەڕێتەوە بۆ ماندووبوونی جەستەیی و دەروونی، کێشەی تەندروستی، ئەرکی زۆر لە سەر شان، کێشەی دارایی و هتد. هەوڵ بدەن ئەو هۆکارانە چارەسەر بکەن و بزانن کە ئایا هێشتا عاشقی هاوسەرەکەتن یان نا.

5- لە ڕووی سۆزەوە جیابوونەوە لە نێوانتان ڕوویداوە؟

- هەندێ هاوسەر 10بۆ 20 ساڵە بەیەکەوە دەژین بەڵام بە ئاشکرا ئێستر هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نەماوە و هەر یەکەوە ڕەهەندێکی ژیانی خۆی وەرگرتووە. لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا ئیتر جیابونەوە ڕوویداوە. بەڵام ئەگەر تا ئێستاش یەکێک لە هاوسەران لە ڕووی ڕۆحییەوە هەست بە وابەستەبوون دەکات واتە دەرفەتی گفتگۆ ماوە.

زۆربەی ئەو هاوسەرانەی کە بڕیاری جیابوونەوەیان داوە ئەو کەسانەن کە هیچ مەیلیان بۆ بیستنی قسەی بەرامبەر نییە و بە عینادی و پێداگرییەوە تەنیا قسەی خۆیان دووپات دەکەنەوە

6- ئایا دەتوانن بابەتی ئابووری بە تەنیا چارەبکەن؟

- واتە دەتوانن بە تەنیا خەرجی مالەوە بکەن و سەرکەوتوو بن؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ یە دەتوانن جیابنەوە، بەڵام گەر لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز نین باشتر وایە لەگەڵ هاوسەرتان ڕێککەون.

7- دەتوانن خەیانەت قبوڵ بکەن؟

- هەندێجار خەیانەتی هاوسەری هۆکاری جیابوونەوەیە. بە پێچەوانەی بیرکرنەوەی زۆر کەس کە وادەزانن خەیانەت هۆکاری وێرانکردنی پەیوەندی هاوسەرانە، هەندێجار ئەو کردارە هەڵەیە دەتوانێت وەبیر کەسێک بێنێتەوە کە تا چ ئاستێک ترسی لەدەستدانی هاوسەرەکەی هەیە و دەبێتە هۆکاری زیاتر لەیەک نزیکبوونەوە.

8- پێویستە لەبەر منداڵەکانم تەحەمول بکەم؟

- هەندێ لە هاوسەران سوورن لەسەر جیابوونەوە، بەڵام لەبەر منداڵەکان دڕێژە بە ژیان دەدەن. ئەوە کارێکی هەڵەیە. زیانەکانی هەڵچوون و شەڕ و ملمالانییە بەردەوامەکانی دایک و باوک دەتوانێت بڕینی وەها لە ڕۆحی ئەو منداڵە دروست بکات کە قەرەبووکردنەوەی زۆر ئاستەمە و زۆر قوڵتر لە بڕینی لێکترازانی خێزانەکەی.



بچوکترین جگەرەکێشی جیهان منداڵێکی 2ساڵانە

زۆرجار دایکان ڕادەسپێرن کە نابێت لە مالەوە جگەرە بکێشرێت بەتایبەت ئەو مالانەی منداڵی بچووکی تێدایە. ئەوەتا کەمتەرخەمی باوکێک بووەتە هۆکار تا کوڕەکەی لە تەمەنی دوو ساڵ و نیوی لە ڕۆژدا پاکەتێک جگەرە بکێشێت.

ئەو منداڵە ناوی " تونگ لیانگ لیانگ" ە و خەڵکی شارە تیانجین لە وڵاتی چینە کە وەک دەڵێن بەو هۆیەی باوکی جگەرەی کێشاوە ئەویش فێر بووە و هەر بۆیە ئێستا لە تەمەنی دوو ساڵی وەک جگەرەکێشێکی چەند ساڵی لە ڕۆژدا 20جگەرە دەکێشێت. باوکی ئەو منداڵە دەڵێت: کوڕەکەم زکمانگ تووشی نەخۆشی فتق بوو و ئازارێکی زۆری دەکێشا و پزیشکان بە هۆی کەمی تەمەن نەشتەرگەریان بۆ نەدەکرد منیش بە بیرم دا هات بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی جگەرەی بدەمێ و لە 18مانگی یەکەم جگەرەم پێدا، بەڵام قەت بە خەیاڵیشمدا نەدەهات کە ببێتە جگەرەکێشێکی هەمیشەیی و بەداخەوە لەو تەمەنە لە ڕۆژدا پاکەتێک جگەرە بکێشێت.

خێزان بەرپرسیاری یەکەمە لە ڕەفتاری هەڵەی منداڵەکان، بۆیە هەستیاری لە پەروەردە و چۆنایەتییەکەی لەجێی خۆیەتی و پێویستە ڕەچاو بکرێن...



بەیان ئیبراهیم ڕەحیم

ئایا هۆکاری کوشتنی ئافرەتان کلتورە؟

پێویستە ئافرەتی کورد خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی بێت، کێشەکانی خۆی بناسێنیت و باسیان بکات، بوێرانە هەوڵبدات بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاکەی خۆی، ڕزگارکردنی لە نەریت و کلتوری دواکەوتووی دژە ئافرەت کە پڕە لە نایەکسانی لێک تێنەگەیشن. بۆچی ژن شوناسی تایبەت بەخۆی نەبێت لە کوردستان؟ چونکە هەتا ئافرەت بیهەوێت ئازاد بێت تا ئەو کۆت و بەندەی لە ناخیایەتی وەلای نەنێت هێشتا هەر کۆیلەیە ئازاد نابێت لە هزری ڕەوشەنی خۆی لە ڕووی جیپۆلۆتیک و ژینگەیەی کە تیایدا دەژی و ناتوانن دوور بن لە سیێبەری پیاوسالاری بە گشتی. کورد کەوتۆتە چاڵی ناسیۆنالیزمی تۆخ کە ئافرەت و خاک بە کاڵای ناموسی دەزانێت، هەستی دەست بەسەرا گرتنیان دەدات، وەک دەڕوانینە مێژووی مرۆڤایەتی و بە ئێستاشەوە (لە وڵاتی ئێمە) ئافرەت لە ڕوانگەی پیاوانەوە وەک هۆکاری ڕەنج و بەدبەختی پێناسەکراوە. گەر بڕوانینە وتەی بیرمەندان و گەورەکانی مێژوو ئەم تێڕوانینە دەبینین، بۆ نموونە جەنابی ئەرەستوو دەڵێت سروشت نەیتوانی پیاو دروست بکات و بەناچار ئافرەتی دروست کرد و لە ڕووی سروشتەوە ئافرەتان و بەندەکان مەحکومن بە کۆیلایەتی! جەنابی فیساغورسیش دەڵێت : ڕاستییەکی باش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پیاو خولقێنەری ڕێکخستن و ڕۆشناییە و ڕاستییەکی خراپیش هەیە کە کە ئافرەت خولقێنەری ئاڵۆزی و تاریکییە! کاتێک ئافرەت کۆیلە و ئەسیر بێت سەرۆکەکەی کە پیاوە بە مەیلی خۆی دەشتوانێت ئازاری بدات. زۆر لە ئافرەتە نوسەرەکانمان دەڵێن، ئەی پیاو کاتێ ژنێ دەکوژی تاوانی تۆ نییە بەڵکو تاوانی کلتورە. منی ئافرەت دەڵێم ئەی پیاو تۆ تاوانباری تۆ بکوژی چونکە شەرفی ژن لە نێو گەڵیا دەبینی. ئەی پیاو تۆ ئافرەت دەکەی بە نیوە، تۆ ئافرەت بە لاواز دەزانی، تۆ ئافرەت دەکوژی ئایا ئەمانە چ پەیوەندی بە کلتورەوە هەیە. دەکرێ لەگەڵ کلتور مامەڵە بکرێ، بەڵام ناگاتە کوشتن. ئەوەی ژن دەکوژێ درندەیە ناهۆشیارە، مرۆڤ کوژە، ناکرێ لە ژێر پەردەی کلتورەوە لە پیاو خۆش بین. دەکرێ فێر بن کە ئافرەت بوون چ کائینێکی گەورەیە، هەر ئەوەی کە ژنان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە ئافرەتان هان دەدەن ئاگاداری مافەکانی خۆیان بن و بە دڕووشمی یەکسانی هاتوونەتە پێش، خۆی باشترین ڕێکارە بۆ ئاگادارکردنەوەی، پیاوانیش ئاگادار بکەن کە بەخۆیاندا بچنەوە و هزری خۆیان بگۆڕن بەرەو یەکسانی ڕەگەزی لە ماف و بەشداربوونیان لە دانانی یاسا و گۆڕینی نەریتی پیاوسالاری، ڕۆڵی ئافرەتان وەک خۆیان کاریگەرترە بۆ بەدەستهێنانی ماف و پێویستیەکانیان. وەکوو بینیمان کە دوای ڕاپەڕینی هزری پێشکەوتنخوازی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک بریتانیا و ئەڵمان و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار بوون ڕۆڵی ژنان لە بەرچاو بگرن و ئەو هزرەی کە شکڵی گرت کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە هانیدان لە زۆربەی بوارەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و ڕاهێنانداً بەشداری بکەن. کوشتنی هەر ژنێک هەر مرۆڤێک تاوانە بە هەر هۆکارێک بێت. زۆر جار کوشتنی ژنێک، ژنێکی لە پشتە چونکە ناخیان پڕە لە پارادۆکسی کۆمەڵگا، بە تایبەت دایک کچەکەی دەکاتە پاشکۆی کورەکەی بەهەڕەشەکردن لە براکەی. زۆر شت هەن بۆ کوشتنی ئافرەتان کە هۆکارەکەی ئافرەتە. ئافرەت پێش ئەوەی داوای مافی ڕەوای ژنێتیی خۆی بکات و ئافرەت بوون بسەلمێنێ دەبێت هۆشیاری تاکی هەبێت و پاڵپشتی لە یەکتر بکەن. تا وشیار نەبنەوە ئەوا ژن کوشتن دووبارە و سەد بارە دەبێتەو. پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ چەند لە سەتی ئافرەت قوربانی کوشتنە لەسەر شەرەف. لە کاتێکدا ژنانی کورد لاواز ناوزەند دەکەن لاوازیش مانای حساب بۆ نەکردنە لەم دنیایەدا. لە جیاتی شین و ڕۆڕۆ دەبێت هێزەکان کۆبکرێنەوە لەسەر هەڵمەتی ئاڵوگۆڕی کلتوری بۆ ئەوەی چیتر ژن وەکو ئامرازێکی جنسی سەیر نەکرێ کە پیاو خاوەنداریێتی بکات. هەروەها شەرەفی پیاو لە جەستە و هەستی ئافرەتدا نەبینرێ. ڕاستی هیچ کات لەخۆتان پرسیوە ئەو سایتانەی کە بە گەرمی کوشتنی ئافرەتان و سوتاندن و خنکاندنیان بڵاودەکەنەوە توانراوە هەموو ئەو ژنکوژییە ڕاگرن، چونکە ئافرەت بەدەستی پیاوسالاری و (بە ژن و پیاوی پیاوسالارەوە قوربانی دەکرێ) لە هەمان کاتدا پیاوسالاری سیاسی و پڕوپاگەندە بە ئازایەتی شەرەفانی چەکداری ژنەوە دەکات. ئاخۆ هەوالی ئەرێنی لەسەر ئافرەتانی کورد نیە؟ ئایا هیچ گەشە و پێشکەوتن و بزافێک وچالاکییەک لە ژنانی کوردا نیە کە هەوالٌ ساز بێت؟ ئەی ئەو هەموو ئافرەتە خوێندەوارانە لە کوێن؟ گشتیان هەر خەریکن لەسەر شەرەف دەکوژرێن و دواجاریش دەڵێین ژنکوشتن کاری تۆی پیاو نییە، کلتورە! ژنانی کوردستان ژنانێکن بە تایبەت لە باشوری کوردستان ئاستی خوێندەواریان چۆتە پێش. جیلی ژنی خوێندەوار و ئاگای ئەمڕۆ خوازیاری ژیان و ئالۆگۆڕە لە فەرهەنگ و نەریتە کۆنەکان لە بەهێز مەندی پێویستی بە چەک نییە قوربانیش نییە بە پێچەوانەوە خەریکی ململانیە بۆ گۆڕینی نەریتێک.

. شاعیر و نووسەر

دیمانەیەک لەگەڵ هەڵگری نازناوی فیدا ماستەری کوبا

چەنێلی مارتینیز: شانازی بەخۆم دەکەم بچووکترین یاریزانی کوبا بووم نازناوی WFMبەدەستهێنا

شەترەنج فێری یاساکانی ژیانت دەکات و کاروبارەکانت ڕێکدەخات







هاوار مورتکەیی

شەترەنج بەشێکە لە ژیانم، کەسایەتی مرۆڤ پێشدەخات لە ڕەوشت و کەسایەتی و پێش ئەوەی شەترەنج فێر بم، درکم بەمانە نەدەکرد، ئێستا لە ناخمدا حەز بەبەرهەنگاری بوونەوە و قوربانی و تێکۆشان دەکەم، هەموو ئەمانە لە پێناو سەرکەوتن بەرەو پێشبردن و ئاراستەیەکە بە ڕووی کرانەوەی زیاتری مێشک، ئەمە پێناسەی شەترەنج بوو لای کچە شەترەنجزانی وڵاتی کوبا، چەنێلی مارتینیزی تەمەن 17ساڵ Chaneli Martínez کە ئێستا لە زانکۆی ڕۆبرتۆ Mesaی لاپرادا لە هاڤانا دەخوێنێت و لە دیانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەباتدا بەمشیوە باسی لە شەترەنج کرد.

یەکەمین بەشداری

چەنێلی مارتینیز باسی لە بەشداریەکانی کرد و گوتی: خانەوادەکەم هەموویان یاری شەترەنج دەزانن و ماڵمان هەمیشە وەک ئەکادیمیایەک بووە، تەنانەت مام و باپیریشم هەر لەمالی ئیمەبوون و یارییان دەکرد، لەبیرمە مامم یارییەکانی منی بەدڵ بوو ئەوەبوو دەستی گرتم و منی بردە ئەکادیمیای شەترەنجی ئەلبرتۆ بایۆ کە ئەکادیمیایەکی گەورەیە لە هاڤانا، ئەو ڕۆژەشم لە بیرە کە لە 14ی نیسانی 2009ەو ڕۆژە بوو پەیوەندیم بە ئەکادیمیایەکە کرد، یەکەمین بەشداریکردنم لە پێشبڕکێیەکی ئەو ئەکادیمیایەش توانیم لە ساڵی 2009 پلەی یەکەم لە Los Pinos Nuevos بەدەست بهێنم، هەر هەمان ساڵ لە پاڵەوانێتی نیشتیمانی خوار 8ساڵان پلەی دووەمم بەدەست هێنا، هەروەها لە فیستیڤاڵی لاوان کە لە بەڕازیل بەڕێوەچوو لە خوار 12ساڵان پلەی پێنجەمم بەدەستهێنا، ئەوەی بەلامەوە گرنگیش بوو توانیم چەندین ساڵ لە ئاست تەمەنەکانی 8و 10و 12و 14 ساڵیدا پلەی یەکەم بەدەست بهێنم و شانازیش بەوە دەکەم کە یەکەم یاریزانی کوبی بووم توانیم نازناوی WFM بەدەست بهێنم، ئەویش لە پاڵەوانێتی ئەمریکای ناوەراست کە لە ساڵی 2014لە کاریبی بەڕێوەچوو، دوای ئەوەی دووجار لەسەر یەک لە پاڵەوانێتی زۆنالی ئافرەتان، لە خوار تەمەنی 12 ساڵان بەشداری پاڵەوانێتی ئەمریکای لاتینیم کرد کە لە وڵاتی مەکسیک بەڕێوەچوو.

نازناوی کاندید ماستەر

مارتینیز زیاتر باسی دەسکەوتەکانی دەکات و دەڵێت: بەشداری فیستیڤاڵی ئەمریکای لاتینیم کرد کە لە ویلایەتی مۆریلۆسی مەکسیکی بەڕێوەچوو، لەوێ توانیم پلەی دووەم و نازناوی کاندیدی WCM FIDEبەدەست بهێنم، لەیاریکردن و ڕاهینان بەردەوامم، خەونی گەورەم ئەوەیە ببمە کەسێک هەست بە ئارامیی بکەم لەگەڵ پێشکەشکردنی ئاستێک کە شایستەی ئەو پشتگیرییەی خانەوادەکەمان بێت، بەڵام کاتێک سەیری دواوە و ڕابردووی خۆم دەکەم، لەبەر خۆمەوە دەڵێم ئەم هەموو دەسکەوتەم هەبووە، ئەمە خۆی لەخۆیدا خەونێکە و لە واقیعدا هاتۆتەدی، ئەمە زۆر گرنگە بۆ من چونکە لە سەرەتادا وەک ئارەزوویەک پەنام بردە بەر یاری کردنی شەترەنج، بەڵام ئێستا بەشێکە لەخودی خۆم و وام لێهاتووە کە نەتوانم بەبێ شەترەنج ژیان هەلبکەم.

شەترەنج فێرت دەکات

لە کۆتاییدا چەنێلی مارتینیزی کچە شەترەنجزانی لاوی کوبی گوتی: شەترەنج زۆر شتی فێرکردووم، بەتایبەتیش لە پێشخستنی ئاستی کەسایەتیم، فێری کردم کە ژیان پێویستی بە قوربانیدانە، فێرت دەکات کە ئومێدت لا دروست بێت لە هێنانەدی خەونەکانت، فێری ڕێکخستنی ژیانت دەکات، چۆن ڕووبەڕووی بەرامبەرەکەت ببیەوە؟ بەگشتی شەترەنج فێری یاساکانی ژیانت دەکات، لەکاتە هەستیارەکاندا چۆن بڕیاری دروست بدەیت.

لاهۆز یاری داهاتووی ریال مەدرید بەرامبەر ئیشبیلیە بەڕێوەدەبات





یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ڕایگەیاند کە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ئیسپانی ماتیۆ لاهۆزی بۆ بەڕێوەبردنی یاری گەڕی 20ی خولی ئیسپانیا لەنێوان ریال مەدرید و ئیشبیلیە دیاریکردووە. یانەی ریال مەدرید لە لوتکەی یارییەکانی هەفتەی داهاتوو لە ئێوارەی شەممە لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ میوانداری یانەی ئەندەلوسی دەکات. یانەی ریال مەدرید لەگەڕی ڕابردووی خولی ئیسپانیا زۆر بەزەحمەت توانی بەسەر یانەی ریال بیتیس بەئەنجامی 1-2گۆڵ سەرکەوتن تۆمار بکات، کە لەسەر یاریگای بیتیس لەگەڕی 22بەڕێوەچوو. یانەی ریال مەدرید ئەمشەو لەسەر یاریگای خۆی لەمیانی جامی شای ئیسپانیا میوانداری یانەی لیگانیس دەکات بەر لەوەی میوانداری یانەی ئیشبیلیە بکات لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ.

پێکانەکەی بنزیمە سوک بوو

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی سەبارەت بە پێکانی ئەستێرەی فەرەنسی کەریم بنزیمە هەواڵێکی خۆشیان پێگەیشت، کە لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر یانەی ریال بیتیس لەخولی لالیگا لەدوای شکانی پەنجەیەکی دەستی ڕاستی یاریگای جێهێشت و پێناچێت دابڕانی درێژخایەن بێت. لەو یارییەدا ریال مەدرید بە 2-1گۆڵ لەیانەی بیتیسی بردەوە، کە تیایدا بنزیمە تووشی پێکان بوو. ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کاتەلۆنی دووپاتیکردەوە، لەگەڵ ئەوەی یانەی ریال مەدرید ماوەی گەڕانەی کەریم بنزیمەی دیاری نەکردووە، بەڵام گەڕانەوەی خێرا دەبێت و پێدەچێت لەیاری داهاتووی لالیگا کە لەشەمەی داهاتوو بەڕێوەدەچێت ئامادە بێت، بنزیمە بەشداری یارییەکەی ئەمشەویان لەجامی شا ناکات، بەڵام بۆ یاری ئیشبیلیە دەگەڕێتەوە.



یانەی بۆرۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی بەفەرمی ڕایگەیاند کە بۆندی بەرگریکاری ئەرژەنتینی لیۆناردۆ بالیردی لەیانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەرژەنتینی واژۆکرد، یانەی دۆرتمۆندی ئەڵمانی لەمبارەیەوە بڵاوکراوەیەکی فەرمی لەسەر لاپەڕەکانی مالپەڕە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە فەیسبوک و تویتەرو ئەنیستگرام ڕاگەیاند و دووپاتیکردەوە کە بۆندی بەرگریکاری ئەرژەنتینی لیۆناردۆ بالیردی بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنا، دوای ئەوەی توانی پشکنینەکانی پزیشکی بەسەرکەوتوویی ببڕێت، بەرگریکاری ئەرژەنتینی تەمەن 19ساڵ تەنها پەڕاوەکانی گواستنەوەی یاریگای سینگال ئادۆناپارکی کۆتایی پێهێناوە، کە بۆندێکی درێژخایەن دەبێت، بەڵام ناوەڕۆکی بۆندەکەی و ماوەکەی دیاری نەکردووە. بالیردی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەی بۆکا جۆنیۆرز لەوەرزی ڕابردوو لەهەردوو خولی ئەرژەنتینی و جامی لیبرتادۆریس نیشانداوە، کە ڕێژەی پچڕاندنی تۆپی 79%بووە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/1/16 ژمارە (5673) خەبات

ماندزۆکیچ و بن عەتیە ئەمشەو بەرامبەر میلان یاری ناکەن



ماڵپەڕی فەرمی یانەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی لەسەر لاپەڕەی خۆی لەماڵپەڕی کۆمەڵایەتی تویتەر لیستی فەرمی یاریزانانی یانەکەی بڵاوکردەوە، کە ئەمشەو بەشداری یاریان بەرامبەر ئەی سی میلان دەکەن، لەمیانی جامی سوپەری ئیتاڵیا کە لەشاری جەددەی سعودیە بەڕێوەدەچێت. لەلیستەکەدا هەریەک لە بەرگریکاری مەغریبی مەهدی بن عەتیە بەهۆی پێکان لەگەڵ یاریزانی کرواتی ماریۆ ماندزۆکیچ و کۆڵۆمبی خوان کوادارادۆ کە نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دراوە نەبیندران. چاوەڕێ دەکرێت ماسیمیلیانۆ ئەلیگری پشت بە کریستیانۆ رۆنالدۆ و پاولۆ دیبالاو دۆگلاس کۆستا لەهێڵی هێرشبردن ببەستێت.

شاراپۆڤا شەشەمین دەبل باگلی تۆمارکرد

کچە یاریزانی رووسی ماریا شاراپۆڤای پڵەلینکاری 30ی جیهانی دەستپێکێکی ئاسانی هەبوو لە ململانێکانی تاکی ئافرەتان لەخولی ئوستراڵیای کراوە بۆ تێنسی سەرزەوی، شاراپۆڤا توانی زۆر بەئاسانی بەسەر کچە یاریزانی بەریتانی هاریت دارت بەئەنجامی 6-0و 6-0 سەرکەوێت. سەرکەوتنی ماریا شاراپۆڤا بە دەبل باگل 6-0و 6-0شەشەمین سەرکەوتنی بوو لەخولەکانی گراند سلام، کە ریزبەندی ئەو یاریزانانەی لەو لیستەدا زۆرترین سەرکەوتنی لەمجۆرەیان هەیە بەمشێوەیەن:

- کریس ئیڤرت 13جار
- شتیفی گراف و مارگریت کۆرت 7جار
- ماری پیرس و کیم کلیستەرزو ماریا شاراپۆڤا 6جار

جێگای وەبیرهێنانەوەیە شاراپۆڤا لەقۆناغی داهاتوو بەرامبەر کچە سویدی ریبیکا پیترسۆن یاری دەکات، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە لە کچە رۆمانی سۆرانا کریستیای بردەوە بە ئەنجامی 6-4و .1-6

ئەتلەتیکۆ مەدرید بەرگریکارێکی لەدەستدا



یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی یاریزانی نێودەوڵەتی مۆنتینگری ستیڤان ساڤیچی بەرگریکاری بەهۆی پێکان لەدەستدا، کە لەیاری رابردوویان بەرامبەر لیڤانتی لەخولی لالیگا تووشی پێکان بۆوە. پێکانی یاریزانی ناوبراو لەسەر ئاستی رانی چەپی بوو، کە بەهۆیەوە ناتوانێت تا مانگێکی دیکە بگەڕێتەوە ناو یاریگا، ئەمەش راهێنەر دییگۆ سیمیۆنی ناچار دەکات کە بەدوانی بەرگریکارێکی دیکە بگەڕێت، بۆ ئەوەی شان بەشانی بەرگریکاری ئۆرۆگوایانی دییگۆ گۆدین لەیاریپەکانی داهاتوو یاری بکات. لەدوای تەنها 7خولەک لەدەستپێکی یاریپەکەی لیڤانتی ساڤیچ تووشی گرژبوونی ماسولکەی رانی لەپلە دوو بۆوە، کە ناچاری دەکات ماوەی مانگێک یاری نەکات، ئەمەش وادەکات بۆ یاری داهاتووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەقۆناغی 16بەرامبەر یۆڤنتۆسی ئیتاڵی ئامادە نەبێت.

مۆدریچ بۆ مانەوەی لە ریال داوای 10ملیۆن یۆرۆ دەکات



یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، دەیەوێت گرێبەستی یاریزانی کرواتی، لۆکا مۆدریچ، کە بەم دواییە خەڵاتی باڵۆن دۆری ساڵی 2018پێدرا تازە بکاتەوە. بەرنامەی چیرنجیتۆی ئیسپانی ئاشکرای کردووە، ریال مەدرید ماوەی دوو ساڵی دیکەی بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستی لۆکا مۆدریچ، خستووەتەڕوو بۆ ئەوەی لە هاوینی 2022کۆتایی بێت، کە ئەوکات تەمەنی ئەو یاریزانە دەبێتە 36ساڵان. بە گوێرەی ئەو بەرنامە ئیسپانییە بێت، ریال مەدرید دەیەوێت پێش کۆتایی وەرز، بەر لەوەی ئەو یاریزانە پێ بنێتە دوایین ساڵی لە گرێبەستی ئێستای، گرێبەستی مۆدریچ تازە بکاتەوە، بۆ ئەوەی مسۆگەری بکات، بە بڕە پارەیەکی زۆر بیفرۆشێت، ئەگەر بڕیار بدات بڕوات. روونیشی کردووەتەوە، لە کاتی ئێستا هیچ ڕێکەوتنێک لەنێوان یانەکە و یاریزانەکەدا نییە، بەڵام دانوستانەکان لەنێوانیان بەردەوام دەبێت، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی کۆتایی لە نزیکترین کاتدا. ئاماژە بەوەش دەکات، ریال مەدرید بڕی 8ملیۆن یۆرۆی وەکو مووچەی ساڵانەی، تاکو ساڵی 2022پێشنیار کردووە، کەچی مۆدریچ داوای 10ملیۆن یۆرۆ بۆ یەک وەرز دەکات، زێدەباری پاداشت لەسەر ئەو نازناوانەی لەگەڵ تیپەکە بەدەستیان دێنێت. شیاوی باسکردنە، مۆدریچ، لە ماوەی میرکاتۆی هاوینەی رابردوودا، بۆ گواستنەوە لەلایەن ئەنتەر میلانی ئیتاڵی داوا کرا بوو.

ڕەمزی میرەکانی

ڕیزبەندی گۆڵکارانی ئەوروپا.. مێسی لەپێشەنگ و سواریز و سەلاحیش یەکسان بوون





لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە توانی پێشەنگی لیستی گۆڵکارانی هەر 5خولە گەورەکەی ئەوروپا (بیگ (5قایتر بکات، دوای ئەوەی توانی لەیاری رابردوویان بەرامبەر یانەی ئیبار گۆڵێک تۆمار بکات، لەمیانی سەرکەوتنی یانەی کاتەلۆنی بەئەنجامی 3گۆڵی خاوێن لەو یاریپەی لەسەر یاریگای کامپ نو لەمیانی رکابەرییەکانی گەڕی 19ی خولی ئیسپانیا. لیۆنێل مێسی لەم وەرزەدا تاکو ئێستا 17گۆڵی لەخولی ئیسپانیا تۆمارکردووەو بەمەش پێشەنگی ریزبەندی لیستی گۆڵکارانی (بیگ 5)ی گرتووە. لەهەمان کاتیشدا محەمەد سەلاح بە 14گۆڵ لەپلەی دووەمی ئەم لیستەدێت شان بەشانی هەریەک لەیاریزانان ئۆبامیانگ هێرشبەری ئارسنال و هاری کین سەرکردەی تۆتنهام و کریستیانۆ رۆنالدۆ ئەستێرەی یۆڤنتۆسی ئیتاڵی و لویس سواریز یاریزانی یانەی بەرشلۆنە، جێگای وەبیرهێنانەوەیە سەلاحیش لەیاری رابردووی یانەی لیڤەرپوول تاکە گۆڵی سەرکەوتنی تیپەکەی بەرامبەر یانەی برایتۆن لەمیانی گەڕی 22ی پریمەرلیگ تۆمارکرد.

نەبەز ڕوستایی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 16. Jan. 2019 No: (5673)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




سارا تەلایی سەرقاڵی چییە؟

وریشە عومەر

هونەرمەندی بەئەزموون سارا تەلایی لەدیمانەیەک بۆخەبات تیشک دەخاتە سەر چەند وێستگەیەک لە ژیانی. لەوەڵامی پرسیاری پرۆژەی داهاتوت و نوێیت چییە؟ سارا گوتی: پرۆژەی زۆرمان لە بەر دەستدایە لە بەشی هونەری بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕیشەسازی گۆمەڵگەی کوردستان، کە هەندێکیمان گەیاندۆتە قۆناغی جێبەجێ کردن و بەشێکیشیان لە بەردەستدان کە لە داهاتووی نزیک دەیخەینە ڕوو. یەکێک لەو پرۆژانەی کە لە سااڵی ڕابردوو لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان کارمان لەسەر کرد بااڵو کردنەوەی تابلۆی قوتابیانی بەشی گرافیک و نەخشاندن بوو لە شوێنە گشتییەکان بێ ئەوەی پارەیەکیان لێوەربگرین و سااڵنەش بۆیان نوێ دەکەینەوە و ئاڵوگۆڕ بەسەر تابلۆکانیاندا دێنین.

ئەو پرۆژەیە بۆ ئەوەیە کە ئەو شوێنە گشتیانەی کە خەڵک لێی چاوەڕوان دەبێ پێویستە بە تابلۆی پر لە ڕەنگ ئارامی ببەخشێتە دڵی بینەران، کە واددەکات سایکۆلۆژی بینەر بخاتە گڕوگاڵەوە، دووهەم ئاشنا بوونی خەڵک بە دەستکردی منداڵەکانی خۆیان و گرینگی پێدانی زیاتریان بە هونەری ڕۆڵەکانیان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە، سێهەم پێناسەکردنی ئاست و بۆن و بەرامەی هونەری کوردستان بە گەشتیارانی بیانی. یەکێکیتر پرۆژەی چاپ کردنی کتێبەکانی من سەبارەت بە دەوڵەمەندتر کردنی بەشی زانستی هونەری نەخشاندن لە کتێبخانەی کوردیدا، یەکێک لەو ئەرکە پیرۆزانەیەی کە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان خستوویەتیە ئەستۆی خۆی و بۆتە سپۆنسەری چاپی کتێبەکان. کە تا ئێستا چەندین کتێبیان لە بەشی جیاوازدا بە چاپ گەیاندووە کە یەکێک لەو کتێبانە کە نووسینی کتێبەکە بۆ خۆم بووم کتێبی فێرکاری هونەری نەخشاندن بوو بە زمانی ڕەسەنی کوردی لە تیراژی هەزاردانەدا چاپ و بااڵو کرایەوە.

دوو کتێبی زۆر گرینگیترم لەبەر دەستە کە سپۆنسەری چاپەکەش هەر لە لایەن ئەوسەنتەرەوەیە کە لە داهاتووی نزیک پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی دەکرێن.



نووسەر و هونەرمەند تەلعەت سامان
بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ چووە بەردڵۆڤانی خودا

تەلعەت سامان لەدایکبووی سااڵی 1946 سااڵی 1970ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدادی تەواوکردووە، بەرهەمەکانی وەک ئامادەکار یان نووسەر یان دەرهێنەر :(چەڵەبی عاشە ، درامای کەوەکانی قەرەچووخ، جەنگاوەری شێت، ترس، بووکی پەردە ، خەملی پەمۆ ، خاڵۆی ڕێبوار ، مەم و زین ، پیالن ، قەل و ڕووتە، هەڵگەڕانەوە، ئەفسانەی چیای ئاگرین) دوا بەرپرسیارەتی سەرۆکی کۆمەڵەی هونەری وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی هەولێر بوو، لەتەمەنی 74سااڵیدا مااڵئاوایی لەدۆست و ئازیزان و هونەرمەندان کرد، ڕووحی شادبێ.

یەک وێنە بەرامبەر هەزار وشەیە
فۆتۆی گەشتیاری سااڵ هەڵبژێردرا



لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر فۆتۆگرافەر هەیە، لە ناویشیاندا ژمارەیەک شارەزا و بە توانا، لەمانەش بەشێکیان خزمەتێکی بەردەوامی ناساندنی کوردستان دەکەن و لە سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە و خزمەتێکی باشی ناساندن و پێشخستنی کەرتی گەشتیاری دەکەن.

نادر روستی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی پێشبڕکێی فۆتۆی گەشتیاری سااڵ و کردنەوەی پێشانگا بۆ ٢٢ فۆتۆگرافەر و گرنگی ئەم بواره لەسەر کەرتی گەشتیار دەکات.

هەموو ئەوانەی کاری فۆتۆگرافەری دەکەن و لە زوومی کامێراکانیان خزمەت بە کەرتی گەشتیاری دەکەن جێگای ڕێز و سوپاسن، لەم پێشبڕکێیەی سازمان کرد بەشێکیان کە زۆر بە توانان و خزمەتی زۆری گەشتیاریان کردوە بەهۆکاری جیاواز نەڕەخساوە بەشداری بکەن، بەاڵم لەلایەن ئێمە خزمەتەکانیان لەبەرچاوە.

لە چاالکیەکی پێشتریش ژمارێک فۆتۆگرافەرمان کۆکردەوە و لە وێنەکانیان ئەلبومێکی گەشتیاریمان کە ١٠٠ فۆتۆی لەخۆگرتبوو بە چاپ گەیاند، سەردەرای بەکارهێنانی بەشێک لە وێنەکان بۆ ڕێبەر و بڕۆشەری گەشتیاری، ئەمجارەش ژمارەیک گەنجی فۆتۆگرافەر لە پێشبڕکێی سااڵ بۆ سااڵی ٢٠١٨ بەشدارن، ئامانجیش لە سازدانی پێشبڕکێی فۆتۆی گەشتیاری سااڵ و کردنەوەی پێشانگایەک بۆ کۆمەڵێک فۆتۆگرافەر، هاندانی هونەری فۆتۆگرافەری و توانای گەنجەکانە بۆ خزمەتی زیاتر و بۆ ناساندنی شوێنەکانی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بە هاوواڵتیان و گەشتیاران..

بۆیە لە پاڵماندایە سااڵنە ئەم چاالکییە ساز بکەین. دوای بانگەوازی بەشداریکردن بۆ پێشبڕکێی فۆتۆی سااڵ زیاتر لە ٤٢ فۆتۆگرافەر بە ١٢٦ فۆتۆ بەشدار بوون، فۆتۆکان لە الیەن لێژنەیەکی هونەری فۆتۆگرافی و گەشتوگوزار هەڵسەنگێنران، لە ئەنجام ٢٢ فۆتۆ بۆ پێشانگا و ٣ فۆتۆش بۆ خەاڵتکردن هەڵبژێردران.

پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ئەمانە بوون:

١. فۆتۆکە شوێنێکی (گەشتیاری، یان کولتووری، یان شوێنەواری) پیشان بدات.

٢. دیقەی وێنەکە بەرز و پرۆفیشناڵ بێت.

٣. شوێنکە تا بکرێ نوێ بێت یان زاویەی شوێنێکی ناسراو بێت بەاڵم بە هونەر و زاویەی نوێ گیرابێت.

٤. ئەگەر شوێنەکە دووبێت و هەست بکەین فۆتۆگرافەر کاتی بۆ تەرخان کردوە و شوێنکە بنەمای گەشتیاری هەیە.

٥. ستینگی و بنەماکانی کامێرای بە جوانی بەکار هێنابێت و دەستکاری وێنەی نەکردبێت لە ڕێگەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر.



شاخەوانی زستانە لە پەرەسەندن دایە

ئا: نادر روستی
وێنەگر: شەهاب ئەحمەد

بەهۆی بارینی بەفر لە ناوچە چیاییەکان، دێمەن و کەشوهەوا و چاالکی گەشتیاری و وەرزشی گۆڕاون، ژمارەی گەشتیاران زیاد بووە و جولە و گەشتی شاخەوانەکانیش زۆر بووە، لەم مانگە گەشتی زۆر بۆ ناو بەفرو بۆ سەر چیاکان سازکراوە. ئەم جۆرە چاالکیانە جوولەیەکی گرنگی وەرزشی و گەشتیارین و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیاد بوون و گەشەسەندنداید.وێنە : گەشتی گرووپی شاخەوانی ناوداران بۆ چیای (سەفین).

